گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هاوسەرگیری لای تورکمانەکانی شاری هەولێر
## توێژینەویەکی ئەنترۆپۆلۆگییە

**پ.د.رشاد صبری میران**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
rashad.meran1@su.edu.krd

**م.نادیه ولی جبار**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.
nadia.jabbar@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/٦
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٢٥
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Turkmen, Marriage, Culture, Sub-Culture.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.8

**پوختە**

هاوسەرگیری لە یەک کاتدا سرووتێکی کۆمەڵایەتییە و وەک نەریت بەشێکە لە کلتور، (لە رووی نوسینەوە هەمووی بکرێتە کلتور) کەواتە، وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی-کلتوری لە نێو تورکمانەکانی هەولێر بەجێدەگەیەنێت. پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە: لە هاوسەرگیری لەنێو تورکمانەکانی هەولێر- چۆن بەرێوە دەچێت؟ چ گۆڕانێک بەسەر ئەو رێورەسمانەدا هاتووە؟ شێوەکانی هاوسەرگیری لای تورکمانی هەولێر کامانەن؟ چەندە تورکمانەکانی هەولێر پابەندن پێیانەوە؟ ئامانجی توێژینەوە: تیشکخستنە سەر هاوسەرگیری وەک سرووتێکی کۆمەڵایەتی، شیکردنەوەی مانا و ئاماژەکانی ئەو قۆناغانەی کە هاوسەرگیریی لای تورکمانەکان پێیاندا تێپەردەبێت، شیکردنەوەی مانا و مەراسیمەکانی وەک مەولود، ئەگلەنجە، حەفتانە و خەنەبەندان لای تورکمانەکانی شاری هەولێر).

هاوسەرگیری لەنێو تورکمانەکان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت و بەم ریزبەندییە بەرێوە دەچن: شێوازی دۆزینەوە و دەستنیشانکردن، خوازبێنی، نیشانکردن و مارەکردن، ئامادەکردنی جیازی بووک،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەنەبەندان، ئاهەنگی ڕۆژی گواستنەوە، حەفتانە و شتی دیکە. میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە میتۆدی (ئیتنۆگرافی). کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە و تورکمانانەنی لە شاری هەولێر نیشتەجین. نموونەی بەکارهاتوو مەبەستدارە . ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان (چاوپێکەوتن، تێبینی، تێبینی بە بەشداری)یە. لەگەڵ (١٢) کەسی تورکمانی دانیشتووی شاری هەولێر چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە کە (٢)یان پیاو و (١٠)یان ئافرەتبوون. (بۆ توێژینەوةي ئەنترۆقۆلۆژی نمونە بۆ پشت راستکردنەوەیە) هەندێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوە: هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پیرۆزە و بایەخی زۆری پێ دەدرێت و ئامادەکاری وردی بۆ دەکرێت لای تورکمانەکانی هەولێر، وەک نەریتە کولتورییەکانی دیکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. هاوسەرگیریی تورکمانەکان ڕیژەیەکی زۆریان دەرەکییە (ئێگزۆگامیا)، ڕیژەیەکی کەمیان (ئیندۆگامیا)یە.(بە گشتی نابێت ..ریژەیەك ناوەکی هەیە)قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی هاوسەرگیری وەزیفەی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە و هێما و مانای دیاریکراویان هەیە کە ڕەنگدانەوەی بونیاد کۆمەڵایەتی ئەو گرووپە ئێتنییەیە. هەر یەکێ لەو قۆناغانەی هاوسەرگیری وەزیفەیەکی کۆمەڵآیەتییان لە ئەستۆدایە، لە میانەیەوە تورکمانەکان هەوڵدەدەن پارێزگاری لە دابوونەریت و کیانی خۆیان بکەن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی گرووپەکەیان بکەن. زۆربەی قۆناغەکانی هاوسەرگیری گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەڵآم خەسڵەتە گشتییەکانی وەک خۆی ماونەتەوە.

## 1. پێشەکی:

هاوسەرگیری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ، بنچینەی دروستبوونی خێزانە و کۆڵەگەیەکی سەرەکیی بونیاد کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگادا. ئەم دیاردەیە لەلایەن کلتورەوە بەشێوەی پرۆسەیەک بەڕێوەدەچێت و تیایدا کۆمەڵێک نەریت ، سرووت و قۆناغبەندی دەور دەگێڕن .

لەم ڕوانگەیەوە، هاوسەرگیری پرۆسەیەکی یەکجار گرنگە بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی کۆمەڵبوونە مرۆییەکان لە چوارچێوەی سستەمی کۆمەڵایەتییاندا .

کلتور واتە شـێوازی ژیان؛ کلتور بە توخمە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەرکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات بەمەبەسـتی ڕێکخسـتنی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵگا و پاراسـتنی سـسـتەمی کۆمەڵایەتی . یەکێکیش لە میکانیزمەکانی پاراسـتنی ژیانی ڕێکخراوی ئەندامان ، پابەندکردنیانە بە نەریت و سرووت و ڕێوڕەسمەکان کە هەریەکێکیان بەها یان چەند بەهایەک لەخۆ دەگرن - پێش هەمووشیان ئەوانەی تایبەتین بە هاوسەرگیرییەوە .

هاوسـەرگیری، وەکو هەموو دیاردەکانیدی، بەهۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایتی-کلتوری ، وەرچەرخانەکانی ژیانی ئابووری-سیاسی، بەجیهانیبوون و دەوری باڵای تەکنۆلۆژیا، ئەمیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەمەش وادەکات کە بابەتی هاوسەرگیری بەردەوام بابەتێکی نوێ بێت بۆ توێژینەوە.

ئەم توێژینەوەیە تایبەت بە هاوسەرگیرییە لای تورکمانەکانی هەولێر. نەتەوەی تورکمان پێکهاتەیەکی سـەرەکیی دانیشـتووانانی هەرێمی کوردسـتان و لە شـاری هەولێر نیشـتەجێن. تورکمانەکانی هەولێر خاوەنی کلتوری خۆیانن، زمان و دابوونەریتی خۆیان هەیە. بەو پێیەی ئەمان تێکەڵاوییان هەیە لەگەڵ کوردی شارەکەدا، ئەوا دابونەریتەکانیان کاریگەربوون بە کلتوری کوردییەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان بەردەوام هەوڵدەدەن تایبەتمەندیی خۆیان بپارێزن و پابەندی دابونەریتە ڕەسـەنەکانی خۆیان بن، بەتایبەت لەنێو چینی باڵادا ئەم ئاڕاستەیە بەزەقی دەردەکەوێت.

**1.2 پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە:** توێژینەوە لەبارەی گرووپێکی ئێتنی دیاریکراوە کە ئەوانیش تورکمانەکانی هەولێرن، لێرەدا پرسـیارەکان بەم شـێوەیەن، کە هاوسـەرگیری لەنێو تورکمانەکانی هەولێر ئاماژە و ماناکانی چین؟ چۆن بەڕێوە دەچێت؟ چ گۆڕانێک بەسـەر ئەو ڕێوڕەسـمانەی تورکمانەکاندا هاتووە و چۆن گۆڕاون؟ مەولود گێڕان و ئەگلەنجە و خەنەبەندان و حەفتانەی تورکمانەکانی هەولێر مانا و هێمای چی دەگەیەنن؟ ئەو نەریتانەی پەیوەسـتن بە قۆناغەکانی هاوسەرگیرییەوە لای تورکمانەکان هێمای چین و مانای چی دەگەینن؟(گرفت یان پرسی سەرەکی بەو شیوەیە نابێت)

**1.3 گرنگی ئەم توێژینەوەیە** لەوەدایە کە بابەتێکی نوێیە و تایبەتە بە تورکمانەکانی شـاری هەولێر. بەپێی زانیاریی توێژەر، توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی تەنانەت کۆمەڵناسـیش لەبارەی تورکمانەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شـــاری هەولێر بە گشـــتی و مەراســـیمی هاوســـەرگیرییـان بەتـایبەتی نەکراوە، کە ئەمەش، واتە هاوسـەرگیری، پەیوەندی بە بونیاد کۆمەڵایەتیی نەتەوەی تورکمانەوە هەیە. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بارەی گروپێکی ئێتنی لە هەرێمی کوردستان، کە هاوکار دەبێت بە ناساندنی ئەو گروپە نەتەوەییە لەرێگەی وەسـفکردنی شـێوازی ژیانیان لە چوارجێوەی یەکێک لە دابونەریتەکانیان کە رەنگدانەوەی بونیادی ئەو گروپە نەتەوەییەیە، کە ئەویش هاوســـەرگیرییە. ئالێرەوەیە کە ئەم توێژینەوەیە گرنگی زانســـتیی خۆی هەیە. (ئەمانە گرنگی بابەتەکەن نەك تویژینەوەکە ..ئایا ئەنحامدانی ئەم توژینەوەیە چ خزمەتیك دەکات ؟ چ ســـودیکی هەیە ؟ گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ بواری تیۆری و زانســـتی یان پراکتیکی و عەمەلی چیە؟) پیویستە ئاناژەی پی بکریت..) بە کورتی پیویستە توێژەر وەلامی ئەم پرسیارە بداتەوە ئایا ئەم توێژینەوەیە بکەی چیە؟ نەیکەی چیە؟)

**1.4 ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:** لەم توێژینەویەدا هەوڵدراوە جەختبکرێتەوە لەسـەر رێورەسـمەکانی هاوسەرگیری تورکمان لە شاری هەولێر، هەروەها لەم نێوەندەشدا لەبەر رۆشنایی تیۆری ڤان جیبەوە رێورەسمەکانی تێپەڕین ل

ە ژیـانی منـداڵییەوە بۆ ژیـانی گەورەکـان لەنێو ئەو تورکمـانـانە خراوەتەڕوو، کە دواجار ئەو مـانـا و ئاماژانەی لە قۆناغەکانی مەراسیمەکانی هاوسەرگیریدا گوزارشتیان لێ دەکرێت تێگەیشتنێکی گشتی لەسەر گروپێکی ئێتنی وەک تورکمانەکان لە شاری هەولێر بەدەستەوە دەدەن (ئەمە کۆمەلناسیە ..نەك ئەنترۆپۆلۆژی...لە کۆمەلناسیشدا ئامانج و گرفت بەو شیوەیە ناخریتە روو)

**1.5 میتۆدی توێژینەوە**

بۆ تێگەیشتن لەو دابونەریت و رێورەسمانەی هاوسەرگیری لای تورکمانەکانی هەولێر توێژەر میتۆدی ئەنترۆپۆلۆژی بەکارهێناوە، ئەوەش لەپێناو دەسـتەبەرکردنی جۆرێک لە تێگەیشـتن و شـیکردنەوە و شـرۆڤەکردن، ئەوەش دوای ئەوەی توێژەر لە ماوەی سـاڵێکدا بەشـداری لە چەندین رێورەسـمی بوک گواســـتنەی تورکمانەکاندا کردووە. لەم نێوەندەدا تەکنیکی تێبینی بە بەشـــداری و بەشـــداریکردنی ڕاسـتەوخۆ لە ڕیورەسـمەکان و قۆناغە جیاوازەکانی بوک گواسـتنەوە، لەگەڵیشـیدا قسـەکردن لەگەڵ بەتەمەنەکان و پشت بەستن بە چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە و رووبەڕووانە لەگەڵ ئەو ئەو تورکمانەنەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە شـارەزاییان زۆرە؛ بۆ زیاتر ئاشـنابوون بەم نەریتە و، لێکدانەوە و دەرخسـتنی بەراوردێک لەنێوان مانای تایبەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی مەراسیمی هاوسەرگیری لە رابردوو و ئێستادا. هەروەها(٩) کەس وەک نموونەیەکی مەبەستدار وەرگیراون کە کەسانی شارەزا و بە ئەزموونبوون.

(هەڵدەستی دەربرینی کوردی نیە)

(ئەمە بۆ زمان راستە بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی راست نیە)

**(ئەمە كۆمەلناسیە نەك ئەنترۆپۆلۆژی)**

(ئەمە ئەنترۆپۆلۆژی نیە ..شیوازی تویژینەوەی کۆمەلناسیە)

(تا ئیرە زیادەیە بریتیە لە شەرح و محازەرە)

(ئةنترۆپۆلۆگی نیە ،،لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی توێژەر خۆی لە ناو کۆمەلگاکەیە و پشـت بە خۆی دەبەسـتێت نەك نمونە و حالات غنیە؟ ئەمانە بۆ تەعزیزو پشـت راسـتکردنەوەی ئەوەن کە توێژەر دەیبینیت) (لە ئەنترۆپۆلۆژی بەمانە دەڵێن موخبر) (لەم توێژینەویەدا هەموو دانیشـتوانی هەولیر کۆمەلگای توێژینەوەکە نین) (چۆن ئاسوری و کاکەیی و یەزیدی پیکەوە ریز دەکرێت؟)

## (ئایا ئەمە چیە؟ پیناسەی چەمکەکانە؟

(ئەمە کۆمەلناسیە ..ئەنترۆپۆلۆژی مەیدانی نیە)

## 2.هاوسـەرگیریی لە چوارچێوەی تیۆری سـرووتەکانی تێپەڕین(*). (نظرية طقوس العبور) (Rites of Passages Theory)

* تیۆری سرووتەکانی تێپەڕین لەسەر دەستی ئەنترۆپۆلۆژیستی بەلجیکی (ئارنۆڵد ڤان جینپ) (Arnold Van Gennep) (1873-1975)ەوە لەساڵی(1909)دامەزراوە، ئەوەش لەمیانەی توێژینەوەیەکی بەناوبانگیدا کە هەمان ناونیشانی ئەم تیۆرەی هەڵگرتبوو. لەساڵی (1960) ئەم تیۆرە وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و لەسەر دەستی ئەنترۆپۆلۆژیستی ئینگلیزی (ڤیکتۆر تێرنەر)(Victor Turner) (1920-1983) لە شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستەم و لەمیانەی توێژینەوە وردەکانییەوە لەسەر هەندێک خێڵی ئەفریقی. بەپێی تێگەیشتنی (ڤان جنپ) سرووتەکانی تێپەڕین بایەخێکی زۆریان هەیە، بەجۆرێک لەڕووی کلتورییەوە ئاماژەن بۆ تێپەڕینی تاک لەمیانەی چەند قۆناغێکی دیاریکراوەوە، کە یارمەتی تاک و گرووپ دەدا بۆ ئەوەی پێکەوە خۆیان لەگەڵ پەیوەندی و کردە کۆمەڵایەتییە نوێکەیان بگونجێنن، هەروەها یارمەتیدەرن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بابەتی هاوسەرگیری یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان کە ئەنترۆپۆلۆژیستان گرنگییەکی زۆریان پێداوە، بەردەوام هەوڵیانداوە ئەم سرووتە کۆمەڵایەتییە بە ووردی شیبکەنەوە لەچوارچێوەی بونیاد کۆمەڵآیەتی گرووپە مرۆییەکاندا. سستمی کۆمەڵایەتی بەردەوام بۆ گونجاندن و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک سرووت و نەریت و پرۆسەگەلێک دێنێتە ئاراوە تاوەکو بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ داواکارییەکانی کۆمەڵگا بگونجێنێت.

سرووتەکانی تێپەڕین یەکێکە لەو تیۆرە کلاسیکە گرنگانەی لە ئەنترۆپۆلۆژیادا بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی بونیاد کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان. تیۆرەکەی (ڤان جینپ) (Van Gennep ) سەبارەت بە گرنگی سرووتەکانە لە کۆمەڵگا و تێیدا باس لە گواستنەوە و تێپەڕاندنی تاک دەکات لە قۆناغێکەوە یان لە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە بۆ قۆناغ و حاڵەتێکی دیکەی جیاواز. هەروەها ئەو پێیوایە تێپەڕاندنی ئەو حاڵەتانە لەلایەن تاکەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوونادات، بەڵکو تاک بە قۆناغێکی نێوەندیدا تێپەڕ دەبێت ئەوکات دەتوانێت قۆناغەکەی یان حاڵەتەکەی خۆی بگۆڕێت، کە (ڤان جینپ) (Van Gennep) ناوی دەنێت قۆناغی گواستنەوە یان قۆناغی پەراوێزی ( Marginal Phase).(Van Gennep,1960:1). سرووتەکان کاردەکەن بۆ بەهێزکردنی هاوبەندی کۆمەڵایەتی، ئەویش لەمیانەی گونجاندنی سستمی بیروباوەڕەکانی تاک لەگەڵ سستمی بیروباوەڕەکانی ئەو گرووپەی ئینتمای بۆ هەیە. (Floyd,1992: 57)

بە گشتی بەشوودانی کچ و ژنهێنانی کوڕ بەومانایەیە کە تەمەنی بایۆلۆژیان تێپەڕاندووە و دوو کەسی پێگەیشتوون. کاتێک ئامادەکاری بۆ هاوسەرگیری دەکرێت و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، وردە وردە جۆرێک لە جیاکردنەوە و جیابوونەوە دروست دەبێت، واتە کچ/کوڕ لەگەڵ ماڵی باوکیان جیادەبنەوە. کەواتە هاوسەرگیری وەک جیابوونەوەیە، بەوپێیەی چەندین ئامادەکاری و ڕێوشوێنی هێمایی دەگیرێنەبەر ئاماژەن بەو جیابوونەوەیەی کچ/کوڕ لە خێزانەکانیان لەگەڵێشیدا جیابوونەوە و

---

بۆ کەمکردنەوەی تەمومژاوی و دڵەڕاوکێی پەیوەست بە گۆڕانی ئەو پێگانەی کە تاک بەدەستیان دەهێنێت. زێتر لەوەش، سرووتەکانی تێپەڕاندن وەک پردێکن بۆ بەستنەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی فسیۆلۆژی تاک. (Floyd,1992: 58) بەمجۆرە (ڤان جنپ) سەرنجەکانی بۆ ئەو سرووتانە ڕاکێشا بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک وەزیفەی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتکردنی کچ/کوڕ بە یەکتری و جیاکردنەوەیان لە دەورووبەرەکەیان کاتێک بووک و زاوا بە جلوبەرگی تایبەت و هەڵسوکەوتی تایبەت و مامەڵەی اتیبەت لەنێو ئامادەبووان و کۆمەڵگادا دەردەکەون. کاتێک کچ/کوڕ هاوسەرگیری دەکەن بارگەی تایبەت بە بووک لەلایەن دایکی بووکەوە ئامادەدەکرێت کە کەلووپەلی زاواشی تێدایە و هەرچی شتێک کە تایبەت بێت بە بووک لە ماڵی باوکی کۆدەکرێتەوە و دەبریتە ماڵی خۆی، بەهەمانشێوە سەبارەت بە زاواش، ئەم کردەیە وا نیشانی دەدات کە بووک و زاوا جیادەبنەوە لە خێزانەکانیان و لە کۆمەڵگەش ڕۆڵی کۆمەڵایەتی نوێی دیکەیان پێدەدرێت و پێگەی کۆمەڵایەتی دیکەیان دەبیت لە کۆمەڵگادا و دەبێت بەپێی ئەو ڕۆڵ و پێگە نوێیە لەگەڵ دەوروبەریان مامەڵە بەکەن. هەروەها کاتێک هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێت دەبیت ماڵێکی نوێ و شتی نوێ بۆیان ئامادەبکرێت، ئەوەش هێمایەکە بۆ ژیانێکی نوێ و دووبارە لەدایکبوونەوە بەڵام ئەمجارەیان بە ویستی کەسەکە خۆیەتی چۆن و لەگەڵ کێدا لەدایک ببێت. مارەیی زۆر لەکاتی هاوسەرگیریی هێمایەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی پیاو لەلایەن ئافرەتەوە، بەوپێیەی لەکاتی کێشەکاندا بیر لە تەڵاق و شت نەکاتەوە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت فرە ژنی لەنێو تورکمانەکانی شاری هەولێر زۆر کەمە. هەندێک لە خەرجییەکانی قۆناغەکانی هاوسەرگیری لەسەر ماڵی دایکی بووک و هەندێکیان لەسەر ماڵی زاوایە، ئەوەش هیمایەکە بۆ کەمکردنەوەی فشاری امددی لەسەر سانی زاوا لەبەر ئەوەی مەراسیمی هاوسەرگیری لای ئەوان خەرجی زۆرە، هەمیش بۆ دەرخستنی پێگە و نازداری بووک لەلایەن ماڵی باوکییەوە.

کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بەردەوامی و هێز بە دووبارەبوونەوەی سرووت و نەریت و پرۆسەکان بدات پەنا بۆ بەها ئایینییەکان دەبات تاوەکو ڕەوایەتی بە کارەکە بدات. ئەنجامدانی مەولود لەلایەک و ئەگلەنجە لەلایەک لەلایەن زاواوە هێمایەکە بۆ ئامادەکردنی زاوا لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە. لەبەرامبەردا خەنەبەندان بووک ئەنجامیدەدا، لە یەک کاتدا ئایین لە مەراسیمەکەدا ئامادەیی هەیە وەک خوێندنی ئایەت و دانانی ناوی خوا و هەندێک نووسین کە ڕەهەندە ئاینییەکەی ئەو مەراسیمە دەردەخات لەگەڵیشیدا پێکەوە کۆبوونەوە و دەربڕینی خۆشی و جلوبەرگی ئاڵاوواڵا و شایی و هەڵپەڕکێ هێمایەکە بۆ هاوبەندی کۆمەڵایەتی و ئامادەکردنی بووک بەشێوەیەک کە بتوانێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ترس و دڵەڕاوکێکانی برەوێنێتەوە کاتێک لە خێزانەکەی جیادەبێتەوە و دەبرێتە ماڵی نوێ کە ماڵی خۆی و هاوسەرەکەیەتی.

حەفتانە هێمایەکە لای دەوڵەمەندەکان بۆ دەرخستنی پێگەی ئابووری خێزانی بووک و چەندیتی بایەخدان بە کچەکەیان و جەختکردنەوە لەسەر جیابوونەوەی بووک لە ماڵی باوکی، هەروەها لای چینەکانی دیکەی تورکمن ژەناڵێکە بۆ وەرگرتنەوەی دەستەوا و وەرگرتنی دەسودیاری و بەبووک بوونی کچەکەیە، زێتر لەوەش ئەم قۆناغەی هاوسەرگیریش دیسانەوە جۆرێک لە ململانێی ناڕاستەوخۆ و کێبرکێی خێزانەکان نیشان دەدات سەبارەت بە پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان. مانگی هەنگوینی نزیکەی ١٥-٣٠ ڕۆژ دەخایەنێت، ماوەیەکە بۆ جیابوونەوەیە لە دەوروبەر و کۆمەڵگە و دەستنیشانکردنی سنوورە تایبەتییەکانی بووک وزاوایە لەلایەک و هێماییەکیشە بۆ ململانێ و کێبرکێ، بەوپێیەی بووک و زاوا لەمیانەیەوە ئاستی پێگەی ئابووریان و خۆشەویستنیان بۆ یەکتری و خۆشبەختیان بە دەوروبەرەکەیان نیشان دەدەن لەگەڵیشیدا، نمایشکردنی سەروەتوسامانی خێزانەکەیانە. ئێستا دوای ئەو ماوەیە کەسوکار و هاوڕێیان سەردانی بووک و زاوا دەکەن بۆ پیرۆزبایی و پیشکەشکردنی دەسودیاری، ئەم حاڵەتە وەزیفەی حەفتانە دەگێڕێت کە لە ڕابردوودا ئەنجام دەدرا. ئەم سەردانیکردنە دوای مانگی هەنگوینی هێمایەکە بۆ ئیعتبارکردنی بووک و زاوا وەک خێزانێک کە ئامادەن ببنە بنچینەی کۆمەڵگە، هەروەها هاوبەندی کۆمەڵایەتیش لەنێو تاکەکاندا پتەوتر دەکات.

(ئایا ئەمە بە عام وایە یان باسی تورکمانەکان دەکریت)؟

## 3. هاوسەرگیری لای تورکمانەکانی شاری هەولێر

بەگشتی لەبەر ئەوەی تورکمانەکانی هەولێر لەگەڵ کورد تێکەڵاوبوون و مێژوویێکی دوور و درێژیان بەیەکەوە هەیە، بۆیە ئاهەنگەکانیشیان هێندە جیاوازی نییە لەگەڵ یەکتری.

هاوسەرگیری لەنێو تورکمانەکاندا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت، ئەگەرچی هاوژیانیکردنی تورکمانەکانی هەولێر لەگەڵ کورد وایکردووە جۆرێک لە ئاڵوگۆڕی کلتوریی بێتەگۆڕێ، بەڵام بەگشتی ڕێورەسمەکانی هاسەرگیری بەم ڕیزبەندییە بەڕێوە دەچێت، ئەوانیش: شێوازی دۆزینەوە و دەستنیشانکردن، خوازبێنی، نیشانکردن و مارەکردن، ئامادەکردنی جیهازی بووک، خەنەبەندان، ئاهەنگی ڕۆژی گواستنەوە، ڕۆژی حەوتەم(حەفتانە) و هەتا دوایی.(شتی دیکە هەلەیە ،،هەتا دووایی

ڕاستە) لێرەدا هەوڵدەدرێت باس لە هاوسەرگیری بکرێت لە کۆن و ئێستادا، کە بێگومان گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

لای تورکمانەکانی هەولێر هاوسەرگیری تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەشێوەیەکی ڕێژەیی تورکمانەکان ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری لایان جۆرێکە کە پێی دەناسرێنەوە. بە هۆکاری تێکەڵاوبوون لەگەڵ کلتوری کوردی، کە زۆرینەی ئەم شارەن، هەروەها ژن و ژنخوازییان لەگەڵیان و لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد و عەرەب، تەنانەت تێکەڵاوبوونی تورکمانەکانی هەولێر لەگەڵ تورکمانەکانی کەرکوک و تورکی تورکیا و ناوچەکانی دیکەش، کە لەڕووی زۆر شتەوە تەنانەت لەڕووی دیالێکتیشەوە جیاوازییان هەیە، وایکردووە ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیریان گۆڕانی بەسەردا بێت.

وەک دەردەکەوێت هاوسەرگیری نێو تورکمانەکان ئێستا لەجۆری ئێگزۆگامییە بە دەگمەن هاوسەرگیری نێوخۆییان (ئیندۆگامیا)یان تێدا دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕابردوودا هاوسەرگیرییان هێندە نێوخۆییبووە تەنانەت لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانیشیاندا ژنوژنخوازی بوونی نەبووە و زۆربەی کات تورکمانەکان خۆیان لە ژنوژنخوازی نێوان خزمان بەدوور دەگرت. لەگەڵ ئەوانەشدا، هێشتا لەنێوان چینی باڵای تورکمانەکانی هەولێر بەتایبەت بەتەمەنەکانیان مەیل بۆ هاوسەرگیری نێوخۆیی هەیە، واتە لەنێوان چینی باڵای تورکمانەکانی هەولێر. کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەیە لەوەی هاوسەرگیری تورکمانەکان بەزۆری دەرەکی بێت، بەوپێیەی خۆیان نەتەوەی دووەمی ئەم شارەن. (سلوم، ٢٠١٣: ٢٤٥)،( Minority Rights Group International and Ceasefire Centre for Civilian , Rights, October 2014)

)،( بەقسەی کێ؟ ژمارەیان چەندە؟ چۆن دووەمن؟ کێ سییەمە؟) ئەم پۆلینکردنە بۆ توێژینەوەی زانستی نابێت .زئەمە قسەی ڕاگەیاندن و بانگەشەو ریکلامە) هۆکارەکان بریتیین لە: بەدەستهێنانی بڕوانامە و تێکەڵاوبوونی زیاتر لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری. هەروەها هاتنی ئاوارەکان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق، دەسەڵاتی زۆر و کۆنترۆڵکاری ئافرەتی تورکمان بەسەر پیاوەوە هەروەها ترس لە ڕەبەنی و قەیرەیی، بەتایبەت لەنێو چینی باڵای تورکمانەکان. ئێستا گەنجی تورکمان کوڕ/کچ مەیلیان زیاتر بۆ ئەوەیە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێک بکەن کە تورکمان نیین و بەزۆری ڕوو لە کچانی کوردن، بەوپێیەی کچی کورد-بەشێوەیەکی ڕێژەیی- بێ گوێیی پیاوەکانیان ناکەن و گەرموگوڕترن لە خزمەتکردنی میوان و شانوشەوکەتی پیاوەکانیان ناشکێنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەشێ هۆکاری ئەم تێکەڵاوبوونە لەگەڵ خێزانی دیکە کە تورکمان نین، بۆ ئەوەش بگەڕێتەوە کە تورکمانەکانی هەولێر بیرکردنەوەیان وابووە؛ تێکەڵاوبوون لەگەڵ خزمە نزیکەکانی وەک: ئامۆزا و خاڵۆزا و پورزا کارێکی باش نییە لەبەر گوازرانەوەی نەخۆشی و لاوازی نەوەی دواتری لێدەکەوێتەوە، هەروەها لەبەر کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیش کە ڕەنگە ناوزڕاندنی بەدواوەبێت، بۆیە بەردەوام پاڵپشتی لە هاوسەرگیری دوو ڕەگی دەکەن. لە کۆندا مەغۆلەکان کچیان لەو هۆزانە دەهێنا کە دەستیان بەسەردا دەگرتن، ئەمەش بۆ ئەو بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە، کە دەکرێت ئەم هاوسەرگیرییە نەوەی بەهێز دروست بکات و دەکرێت ژمارەی مەغۆل و لایەنگرانیان بەمشێوەیە زیاد ببێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێستا جۆرێک لە مرونەت و نەرموونیانی لە پەیوەندییەکاندا دروست بوون، لەگەڵ ئەوەی هێشتا دەسەڵاتی دایک زاڵە لەسەر دەستنیشانکردنی بوکی ماڵەکە، بەڵام حاڵەتی وەهاش هەیە، کە کوڕ خۆی لە ڕێگەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچانی دیکە کە دەشێ تورکمان نەبن، توانیویەتی هاوسەرگیری بکات، ئەم دۆخە بۆ کچانی تورکمانیش هەر راستە، بەڵام دیسانەوە ئەمە بەشێوەیەکی کەمتر لە نێو چینی باڵا رەنگیداوەتەوە بە بەراورد بە چینەکانی دیکە، چونکە تورکمانی چینی باڵا هێشتا زیاتر پابەندی بەها و دابوونەریتە کۆنەکانیانن تا چینەکانی دیکە. هەروەها بابەتی سەروەت و سامان و میراتگرتن هۆکارێکی دیکەیە، بەجۆرێک هەندێک مەسەلەی بەشکردنی میرات لەنێویان هەیە، کە چەند پشتی بەسەردا تێپەڕیوە هێشتاش یەکلایی نەکراونەتەوە. زێتر لەوەش، بەهۆکاری قەیرەیی و ئەو بابەتانە ئیتر تورکمانەکانیش بیریان لەوە کردووەتەوە کە تێکەڵاوبوون لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ڕێگەیەکە بۆ خۆپارێزی لەو بابەتانە. لەخوارەوە هەوڵدەدرێت قۆناغەکانی هاوسەرگیری لەنێو تورکمانەکانی هەولێر وەسف و شیبکرێتەوە:

### 3.1 شێوازی دۆزینەوە و دەستنیشانکردن

یەکێک لە قۆناغەکانی هاوسەرگیری چۆنیەتی دۆزینەوەی کچ و هەڵبژاردنییەتی لەلایەن خێزانەوە. لەنێو تورکمانەکان کاری دۆزینەوە و دەستنیشانکردن ئەرکێکی تایبەتی دایکی کوڕە بەشێوەیەکی ڕێژەیی.

لە کۆندا خێزانەکان ئەم کارەیان لە ئەستۆ گرتبوو و بە تەواوەتی بەرپرسیارێتی دایک بووە. خێزانی کوڕ بەدوای خێزانێکی وادا دەگەڕان کە دەبوو پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لە ئاستی خۆیان

دابوایە، ئیتر لەبەر ئەوەی تورکمانەکانی هەولێر ژمارەیان کەمبوو و لە قەڵا هەموو پێکەوە دەژیان، بۆیە هەموو خێزانەکان یەکتریان دەناسی و کاری دەستنیشانکردن و هەڵبژاردن هێندە قورس نەبوو، هەرچەندە تاکو ئێستاکەش هەندێ لە خێزانەکان پێشتر کەسێک ڕادەسپێرن بۆ ئەوەی خێزانێکی باش و کچێکی چاکییان بۆ بدۆزێتەوە تاوەکو بیکەن بە هاوسەری کوڕەکەیان، بەڵام ئەمەش بە چەند هەنگاوێکدا تێدەپەڕێت.

بەپێی دابونەریتەکان لەڕابردوودا دایک، خوشکی گەورە، پوور، براژن یاخود ماموژن چاویان دەگێڕا بۆ ئەوەی کچێک بۆ کوڕەکەیان بدۆزنەوە. بۆ دەستنیشانکردنی کچ، ئافرەتێکی نزیکی خێزانەکە کە باوەڕپێکراوی خۆیانبوایە سەرلەبەیانی دەچوو بۆ ماڵی کچەکە، بێ ئەوەی ماڵی کچەکە پێی بزانن، ئەوەش بەمەبەست بوو بۆ ئەوەی کچە پێڕانەگات خۆی ئامادە بکات و بە سروشتی خۆی ببینرێت. ئیتر سەرنجی ناوماڵی خێزانەکەی دەدا بۆ ئەوەی بزانێت کچەکە چەندە کابانە. لەم سەردانکردنانە باسی خوازبێنی و شت نەدەکرا، بەڵکو بەبیانوی ماندوو حەسانەوە یان داواکردنی پەرداخە ئاوێک یان پرسیارکردنی ماڵێک و ناونیشانێک دەچوونە ژوورەوە.

ئافرەتی هەواڵدەر کە پێی دەگوترا (یەنگە یان یەنجە) یان(دەڵار). ئەم ئافرەتە کەسێک بوو کە نانکەری ماڵان یان ئیشکەری ماڵانبوو، یانیش جلوبەرگ و قوماشی لە بوخچەیەک دەکرد و بەنێو ماڵانی قەڵادا دەیگێڕاو و دەیفرۆشت یاخود لە حەمامەکاندا وەک (ناتر) کاری دەکرد، لەمبارەیەوە دەگێڕنەوە کە لە ڕابردوودا لە قەڵا ئافرەتێک بەناوی (قەرە ئامینە) واتە ئامینە ڕەش بەناوبانگبووە، لە ناوچەکانی دیکە کەلوپەلی دەکڕی و لە بوخچەدا لە نێو ماڵەکانی قەڵا دەگەڕا و ساغی دەکردنەوە، ئەم ئافرەتە بێوەژنبووە و بەمشێوەیە بژێوی منداڵەکانی پەیدا کردوە، ئیتر وەک یەنجە یاخود یەنگە یان دەڵار ڕادەسپێردرا و کچی بۆ خێزانەکان دەدۆزییەوە و کچیشی بە ماڵی دیکە دەناساند.

یەنجە دەبوو جێگەی متمانەبێت و وووریا و زیتەڵبێت. یەنگە تەنها لەلایەن ماڵی کوڕەوە داوای لێنەدەکرا کە کچێکی باشیان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵکو ئەو خێزانانەی کچیشیان هەبوو داوایان لە یەنگە دەکرد لە ماڵێک کە کوڕێکی چاکیان هەبێت وەسفی کچەکەیان بکات بۆ ئەوەی بێنە داوای. یەنگە وورد و درشتی وەسفی کچ/کوڕ و خێزانەکەی بۆ ماڵی زاوا و بووک دەگواستەوە. یەنگە ئێستاش بوونی هەیە، بەڵام بەشێوازێکی دیکە و خەسڵەتی دیکەی هەیە بۆ نموونە، یەکێکە کە سەردانیی و میوانداری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆر دەکات و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرفراوانی هەیە و لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا بەزۆری بەشداری دەکات و جێگەی متمانەیە. هەندێکجار بەو سەردانەی یەنگە بەتەنها نەدەتوانرا هەموو وردەکاری نێو ماڵی کچەکە بزانرێت، هەربۆیە لە دەوروبەری ماڵی کچەکە و خزمە نزیکەکانی پرسیاری کچەکە و خێزانەکەی دەکرا. هەندێکجار خێزانەکەن سەردانی حەمامە گشتییەکانیان دەکرد بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی کچان.

لەسەروبەندی پرسیارکردنی کچ، کوڕ لە هیچ یەکێک لەو ئامادەکارییانەدا بەشدار نەدەبوو. لە کۆتاییدا ئەگەر دایک و خێزانی کوڕەکە بەو کچەی کە دەستنیشانیانکردووە ڕازیبونایە، دەبوو کوڕەکەش ڕازی ببێت، ئەگەریش نەیدیبێت پێشتر، بەشێوەیەک کوڕەکە مافی ڕەتکردنەوە و ڕازینەبوونی پێ نەدەدرا. هەروەها کوڕ/کچ تا ئەم قۆناغە یەکتریان نەدەبینی تا ڕۆژی هاوسەرگیریان.

ئەم قۆناغەی هاوسەرگیری لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربەخۆیی ئابووری ئەویش گۆڕاوە، ئێستا کوڕ/کچ لە دەستنیشانکردنی ئەو کەسەی کە خۆیان دەیانەوێت ئازاد ترن، ئەگەرچی ئێستاش دەبێت ڕەزامەندی دایک و خێزان لەسەر ئەو هاوسەرگیرییە هەبێت، بەڵام ئێستا مەیل و ڕەزامەندی کوڕ/کچ لەم بابەتەدا ڕەچاو دەکرێت، بەوپێیەی توێژەر لە چەندین بۆنە و هاوسەرگیریدا بەشداری کردووە و زۆربەی زۆری هاوسەرگیرییەکان بە مەیلی کوڕ/کچ بووە و هەڵبژاردەی خۆیان بووە.

### 3.2 خوازبێنیکردن

دوای ئەوەی خێزان تەواو لەسەر بابەتی هاوسەرگیری ڕازیبوون، ئیتر دایکی کوڕە و هەندێک لە خزمە نزیکەکانی سەردانی یەکەم دەکەن بۆ ماڵی کچەکە، لەم سەردانەیاندا ڕوونی دەکەنەوە کە مەبەستیان خوازبێنییە و خۆیان بە خێزانەکە دەناسێنن. پاشان دەست دەکەن بە وەسفکردنی کوڕەکەیان و خەسڵەتە باشەکانی باس دەکەن. هەروەها بڕوانامە و پیشەکەی باس دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا، وەسفی خێزانی خۆیان دەکەن و ناونیشانیان پێدەدان، ئیتر ماڵی کچەکە لە هەمان ڕۆژدا وەڵامیان نادەنەوە تاوەکو نەیانپرسن و بە ووردی لە کوڕەکە نەکۆڵنەوە. بەمشێوەیە ماڵی کوڕ چاوەڕێی وەڵامی ماڵی کچەکە دەکەن. کاتێک خێزانی کچەکە ئەو کوڕەیان بە شیاوی کچەکەیان زانی و بۆیان دەرکەوت کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە ئاستی خۆیان یان نزیکی ئاستی ئەوانن، ئیتر وەڵامیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەدەنەوە کە دەتوانن پیاوەکانیان بنێرن بۆ سەردانی و یەکتر ناسینی پیاوان. دوای تەواوبوونی ئەم قۆناغە ئیتر کوڕەکە بانگ دەکرێت بە تەنیا بۆ ئەوەی لەگەڵ دایکی کچەکە لەسەر مارەیی و پێشەکی و زێر ڕێککەوتن بکەن.

لەنێو تورکمانەکان وا باوە کە مارەیی زۆر دادەنێن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆنیان، بەجۆرێک لە کۆندا بەردەوام شەڕوشۆڕ هەبووە ئەوە وایکردووە لە کۆنەوە بڕوایان وابێت کە دەبێت شوێنی کچەکەیان پارێزراوبێت لەڕووی مادییشەوە کێشەی نەبێت، ئیتر ئەوە بووە بە نەریت لەنێویان تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام لەبەر گۆڕانی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو بڕە مارەییە کەمبووەتەوە، بەڵام هەر لەچاو نەتەوەکانی دیکە زۆرترینە. زۆربەی تورکمانەکان جەختدەکەنەوە لەسەر ئەم تیروانینەیان بۆ پاساوهینانەوە بۆ مارەیی زۆری کچی تورکمان.

دوای ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە ئەنجام دەدرێت، ئیتر دایکی کوڕ/کچ کۆدەبنەوە لە ماڵی کچەکە و لەسەر ماڵ و زێڕکردن ڕێکدەکەونەوە و باسی دەکەن، بەجۆرێک پێشوەختە لەسەر هەموو ووردەکارییەکانی هاوسەرگیرییەکە ڕێک دەکەون بۆ نموونە بڕی مسقاڵە زێڕەکە، ماڵی جیا و سەربەخۆ، یان لەسەر ماڵ دادەنیشن، ووردەکاری ئاهەنگی گواستنەوە، حەفتانە و خەرجییەکان بە وردی(*).

دوای ئەوەی هەردوولا ڕەزامەندبوون بە خزمایەتییان و لەسەر هەموو وردەکارییەکان ڕێکدەکەون، ئیتر سەردانی کۆتایی ئەنجامدەدرێت و ماڵی کوڕەکە – بە پیاو و ئافرەتیانەوە-لەو کۆتا سەردانەیاندا ئامادە دەبن و بە فەرمی داوای کچەکە دەکەن بۆ کوڕەکەیان. لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئافرەتان دێن و ئەم کۆتا سەردانە ئەنجامدەدەن، لەبەرامبەردا باوکی کچەکەش بە فەرمی وەڵامیان دەداتەوە و بە گەرمی بەخێرهاتنیان دەکات و خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت، دوای قاوەخواردن و شەربەت خواردن، سورەتی (فاتیحا) دەخوێنن و دەستماچکردن دەکرێت، شایانی ئاماژەیە لێرەدا مەلا ئامادەیی نییە تەنها

---

* لێرەدا ڕێکەوتن لەسەر ئاهەنگەکان و خەرجییەکانیان بەپێی بۆچوونی خێزانەکان دەگۆڕێت. بەڵام بەگشتی نیشانکردن و مارەکردن و گواستنەوە خەرجییەکانی لەسەر ماڵی زاوایە، لەبەرامبەردا، دەستنیشان و خوازبێنی لەبەر ئەوەی هەم لە مەراسیمەکان و هەمیش چاوپێکەوتنەکان زۆر باسی ئەم بابەتەیان دەکرد و بە بایەخەوە لێیان دەڕوانی بۆیە خراوەتە ڕوو(خەرجی ئەمانە چیە پێویستە روون بکریتەوە؟)و خەنەبەندان و حەفتانە خەرجییەکانی لەسەر ماڵی بووک دەبێت. لە کۆن و ئێستادا بەمشێوەیە بووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوو خێزانەکە کە ڕێک دەکەون بۆ پیرۆزکردنی ڕێککەوتنەکە فاتیحا دەخوێنن. دەستماچکردن وەک هێمایەکە بۆ دەست دانان لەسەر کچەکە کە ئیتر نابێت بە کەسی دیکە بدرێت هەروەها مانای ڕیز و متمانەیە لەنێوان هەردوو خێزاندا، بەجۆرێک بەهای گەورە و بچووکی لەم نەریتەدا بەدەر دەکەوێت. بەم شێوەیە هەردوو خێزان پیرۆزبایی لە یەکتری دەکەن، ئافرەتەکانیش هەڵهەڵە لێدەدەن وەک دەربڕینی خۆشییەکی زۆر هەروەها هەڵهەڵە مانای بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ڕازیبوونی دوو خێزانە بۆ ژنوژنخوازی.. ئەم قۆناغە وەک ڕێککەوتنێکی زارەکییە و مانای ئامادەکارییە بۆ هەنگاوی دواتر. ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕابردوو و ئێستادا بەهەمانشێوە ئەنجامدەدرێت. (کێ فاتیحە دەخوێنێت ؟؟ پیموایە تێکەڵ بووە؟، ئەوە لە ئامادەبوونی مەلادا دەکریت )

## 3.3 نیشانکردن و مارەکردن

دوای قۆناغی خوازبێنی، قۆناغی نیشانکردن و مارەکردن دێت. نیشانکردن واتە بە ئاشکرا ئەو کچە دەستنیشانکراوە بۆ کوڕێکی دیاریکراو، تاوەکو خەڵکی بزانن بابەتی خوازبێنی کراوەتەوە و کەسی دیکە نەجێت داوای ئەو کچە نەکات، هەروەها نیشانکردن وەک سەرەتایەکە بۆ ناسین و نزیکبوونەوەی دوو خێزانی کچ/ کوڕ لەیەکتری، ئینجا لەبەر ئەوەی لە ڕابردوودا کەناڵی تێکەڵاوبوون لەنێوان کچان و کوڕان نەبووە وەک شوێنی گشتی و کافێ و زانکۆ و تەکنۆلۆژیا هەتا دوایی، ئیتر نیشانکردن باشترین ڕێگەبووە بۆ ئەوەی هەم خێزانەکان هەمیش کچ/کوڕەکە بەشێوەیەکی ڕێژەیی نزیکبوونەوەیەک لەنێوانیان دروست ببێت. نیشانکردن هێشتا لەنێو تورکمانەکانی هەولێر هەر ماوە. بەڵام سەبارەت بە مارەکردن، واتە ئەم قۆناغە چەند ڕۆژێک دوای خوازبێنی دێت ماڵی کوڕەکە و خزمە نزیکەکانی دەسودیاری بۆ ماڵی کچەکە دەبەن(ئایا خزموکەس ئیش خۆیان ؟؟)-ئاستی ئابووری خێزان دەستنیشانی جۆری دیارییەکان دەکات-. دەسودیارییەکان زۆربەی کات بریتین لەو پێویستییانەی کە بوک لە ماڵەوە پێویستییەتی بۆ نموونە جلوبەرگ و پێداویستی و کەلوپەلی ناوماڵ.

لە ڕابردوودا ئەو دەسودیارییانە بریتیبوون لە کەلوپەلی حەمامکردن، چونکە ئەوکات خەڵکی سەردانی حەمامی بازاڕیان دەکرد. ئەو کەلوپەلانە دەخرانە نێو بوخچەیەکی قوماش، بوخچەکە لە ئاورێشم دروستکرابوو. ئێستا ئەم دەسودیارییە جیاوازە و بە چەپکە گوڵێک دەستپێدەکات (ئایا کوریك خوازبینی کچیك بکات هیشتا مارەی نەکات خزموکەسەکان گول بۆ کچەکە دێنن؟؟) و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێداویستییەکان لەنێو جانتای تایبەت کە رازێنراوەتەوە، دانراون. خەرجیەکانی ئەم قۆناغە لەسەر ماڵی زاوا دەبێت. لەم بۆنەیەدا شەربەت، چوکلێت -ئەگەر هاوین بێت- پێشکەشدەکرێت، ئەگەریش زستان بێت چاو و قاوە دەبەخشرێتەوە لەگەڵ پاقلاوە و شیرینی دیکە و هەندێک خواردنی سوکی وەک بۆرەگ و لەفە، کە بەپێی ئاستی ئابووری خێزانەکان دەگۆڕێت. هەندێک لە خێزانەکان مەلایان دەهێنا هەندێکی دیکەشیان دادوەریان دەهێنا بۆ مارەکردن.

لەکۆندا لەنێو تورکمانەکانی هەولێر بەتایبەت چینی دەوڵەمەند واباوبوو بۆ مارەکردن دادوەر(*) دەهێنرایە ماڵی کچە بەمەبەستی مارەکردن نەک مەلا، هۆکاری ئەم کارەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاوەکو پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و نفوزی ماڵی زاوا دەرکەوێت، لەبەرامبەردا سەنگینی بووک و گرنگی دەردەخات کەوا نابرێتە کونج و کەلەبەری دادگاکان بۆ تەواوکردنی مامەڵەی هاوسەرگیری.

لە ڕابردوودا کاتێک دادوەر داوای دەربڕینی ڕەزامەندی لە کچەکە دەکرد تاوەکو مارەبڕینەکە ئەنجام بدرێت، نەریت وەها بوو دەبوو کچەکە دەموو دەست ڕازی نەبوایە، ئیتر دادوەر دەڕۆشتەوە بۆ ڕۆژی دواتر دەهاتەوە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی کچەکە وەربگرێت دیسان کچە دەنگی نەدەکرد، تا لە سێیەم ڕۆژدا کچە ڕەزامەندی دەردەبڕی و مارەبڕینەکە ئەنجام دەدرا، بەپێچەوەنەوە ئەگەر کچە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە بە مارەبڕینەکە ڕازیبووایە، دەبووە پەڵەیەک بە نێوچەوانییەوە وەک شەرمەزارییەک لە قەڵەم دەدرا، کە چۆن وا زوو بە مارەبڕینەکە رازیبووە(*). بەڵام ئێستا ئەم نەریتە نەماوە بەوجۆرە، ئێستا هەمیشە مەلا بۆ مارەکردن بانگ دەکرێت، چونکە دادوەرەکان نایەن بۆ مارەکردن، مەگەر خێزان بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتییانەوە لەگەڵ دادوەرێکی دیاریکراو ئیتر دەهێنرێت بۆ مارەکردن. ئێستا هەر هەمان ڕۆژ کە لە دادگابێت یان دادوەر لە ماڵەوە مارەبڕین بکات، ئەوا یەکسەر کچە ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێت و پرۆسەکە ئەنجامدەدرێت.

---

* لە کۆندا تا ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بۆ بابەتی مارەکردن، دادوەر دەهات لە ماڵەوە کچەی مارە دەکرد، ئەم نەریتە لەنێو خەڵکی هەولێر بەگشتی باوبوو، بەڵام بە زەقتر لەنێو تورکمانەکاندا رەنگی دابۆوە. لە نەوەتەکانی سەدەی بیستەم بەگشتی نەما، بەهۆکاری شەڕ و قەیرانەکان کەم کەس هاوسەرگیری ئەنجامدەدا، هەر ئەو نەریتەش کاڵبۆوە لەبەر خراپی باری ئابووری بە پلەی یەکەم. ئێستا لەنێو تورکمانی چینی باڵا ئەم نەریتە هەر پەیرەو دەکرێت.

*لەمبارەیەوە، حاڵەتی وا روویداوە کە کچەکە لە یەکەم ڕۆژدا ڕەزامەندی خۆی دەربڕیوە، ئیتر بووە بە باسی گەڕەک و دوای چەندین ساڵ پەنجەی بۆ درێژدەکرا کە فڵانە ئافرەت یەکسەر بە بێ شەرمانە بە مارە بڕینەکە ڕازیبووە.

(ئایا مەلا بەشداری هیچ قوناغیك ناكات؟ وەكو ئەوەیە لە ناو كورددا هەیە؟ ئەگەر ناكات بنوسریت ئەگەر دەكات كوا؟ ئەم باسە بە گشتی زۆر لاوازو تێكەل و پیكەلە ..نیشان چیە؟ مارەكردن چیە؟ روون نەكرایەوە ..توێژەر خۆی دەزاتیت بەلام وا دەزانێت خوێنەریش دەزانێت ..ئەوە یەكیكە لە هەڵەكان)

## 3.4 جیهازی بووک (بارگەی بووکێنی)

پێش دوو ڕۆژ لە ئاهەنگی گواستنەوە، هەموو شتێک ئامادە کراوە وەک بارگەی بووک. بارگەی بووک بریتییە لەو کەلوپەلانەی کە دایکی کچ بۆ کچەکەی ئامادەکردووە و لە هەموو پێداویستییەکانی ناوماڵ پێکهاتووە. لە ڕابردوودا بارگە لەمانە پێکهاتبوو: جلوبەرگ بۆ بووک و زاوا، کەلوپەلی حەمامکردن کە لەنێو بوخچەیەکی سور دادەنرا و قوماشەکەی بریقە دار و سادە بوو، پێخەفی خەوتن و سەرچەف کە ڕەنگاو ڕەنگ و بە بریقەبوون و نەخشی جۆراوجۆریان لەسەر چنرابوون، دەسماڵ و دەستەسڕ و چنراوە سوفییەکان، قاپ و قاچاخ و کەوچک، ئاوێنە و شانە هەتا دوایی. لێرەدا ڕەنگ و نەخشەکان و پێکهاتەکان زۆر گرنگییان پێدەدرا، بەجۆرێک ڕەنگاو ڕەنگی و تیری ڕەنگەکان زۆر بەهەند وەردەگیرا بەوپێیەی تازە ماڵ و بوکو زاوا دەبێت ڕەنگی شتومەکیان بەرچاوی و بریقەداربن و لەدوورەوە دیاردن، ئەوەش بەو مانایەی کە بووک و زاوا دەسپێکێکی ژیانی خۆش و دڵخۆشکاریان هەیە. لە ڕابردوودا بارگەی بوکێنی چەندە زۆربووایە ئەوا ئاماژەیەکبوو بۆ دەسترەنگینی بووک و پێگەکەی، چونکە شتومەکەکانی هەمووی چنراوی دەستی خۆی بوون. هەروەها لە کۆندا لە نێو سەبەتەیەک ئەو شوشە و شتە ناسکانە دادەنران و بە شێوەیەکی ڕازاوە بە پوش و کا دادەپۆشران. کەلوپەلی بارگەی بووکێنی لەڕیگەی حەماڵێکەوە دەگوازرایەوە بۆ ماڵی خۆی.

ئیستا پێچانەوە و ئامادەکردنی بارگەی بوکێنی هەر هەیە بەڵام بە شێوازێکی دیکەیە. ئەمڕۆ لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە چۆنیەتی ڕێکخستنی بارگەی بووکێنی جۆراوجۆر دەخرێنەڕوو و خەڵکی هەولێر بەگشتی و تورکمانەکان بەتایبەتی گرنگی زۆری پێدەدەن و جۆرێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کە بەهۆیەوە نمایشی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیانی پیوەدەکەن، هەروەها لەڕێگەی سۆشیال میدیاشەوە بڵاوی دەکەنەوە. ئێستا بارگەی بووکێنی خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە: هەموو پارچە جلوبەرگێک کە پێویستی بوک و زاوا یە، ئێستا ڕەنگەکان زۆر گرنگیان پێنادریت زیاتر هەوڵدەدرێت ڕەنگی مات و بێ بریقە بەکاربهێنن، کەلوپەل و ئامرازەکانی حەمامکردن، سەرجەف و بەرگە سەرین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە هەرهەموویان بە ئامادەکراوی لە بازاڕەکان دەیکڕن، بەڵام هەوڵ دەدرێت سادە و گرانبەها بن و ڕەنگەکانیشیان ڕەنگی سادە و کاڵن. زۆربەی کات لە هەڵبژاردنی ڕەنگی جەرجەف و بەرگە سەرین و تاخمی خەوتن ڕەنگی سپی هەڵدەبژێردرێت. بەپێی باری ئابوری خیزان قەبارە و بڕ و کوالیتی کەلوپەلەکان دەگۆڕیت، زۆربەی ئەندامانی چینی باڵای تورکمانەکان بارگەی کچەکانیان لە وڵاتی تورکیا ئامادە دەکەن. ئینجا کەلوپەلەکانی بارگە دەخرێنە نێو چەند جانتایەک و شریتی ڕەنگ سور یان زەرد یانیش سپی بەدەورەوە دەئاڵێنرێت.

ڕۆژیک پێش گواستنەوە و لەکاتی ئێوارەدا، خێزانی کوڕەکە دەچنە ماڵی بووک بۆ هێنانی بارگەی بوکێنی بۆ ماڵی زاوا-ئەگەر بووک بێتە سەر ماڵ و لەگەڵ ماڵی خەزوری بژێت، ئەوا دەهێنرایە ئەو ماڵە، بەڵام کاتێک ماڵی سەربەخۆی بۆ دەکرا بارگەی بوکێنی دەبرایە ئەویٚ-. بارگەی بوکێنی لە ڕابردوو و ئێستادا جیاوازییان هەیە..

بارگەی بوکێنی لەلایەن ماڵی زاواوە دەگوازرێتەوە. لە کۆندا نەریت وابوو لەکاتی گواستنەوەی بارگەی بووکێنی بووک لەگەڵ بارگەکە نەدەچوو، بەڵکو تەنها خزم وکەسە نزیکەکانی بووک دەچوون بۆ ئەوەی بارگەکە لە ماڵەکەدا بکەنەوە و ڕێکیان بخەن، بەجۆرێک ماڵی زاوا نزیکی بارگەی بووک نەدەکەوتن، بەڵکو لە باخچەی ماڵەکەدا خێزانی زاوا چاوەڕێیان دەکرد. پاش تەواوبوون لەو ڕێکخستنە، ئیتر دایکی زاوا هەندێک لە خزموکەسەکانی دەهێنێت بۆ تەماشاکردنی بارگەی بووک. لەم سەروبەندەدا ماڵی زاوا ژووری زاوا و بووکیان دەڕازاندەوە بۆ پێشوازیکردن لەو بارگەیە.

هەرچەندە بڕی بارگەی بووکێنی زۆرتربێت ئاماژەیە بۆ بەرز و بەنرخی بووک و ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریان لای ماڵی باوکی و لای ماڵی خەزورانی. ئێستاش ئەم قۆناغەی هاوسەرگیری پەیڕەو دەکرێت، بەڵآم دۆخەکە گۆڕاوە، پێش چەند ڕۆژێک بووک و خوشکەکانی یان کەسە نزیکەکانی لەگەڵ بارگەکە دەچن و لە ماڵەکەدا دایدەمەزرێنن و ماڵی زاوا نزیکی بارگەکە ناکەون. کەواتە بەشێوەیەکی جیاوازترە؛ جیاوازی لە ڕووی چۆنیەتی و چەندێتی بارگەکە و چۆنیەتی گواستنەوە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا. ئێستا بووک ناچار نییە شتی چنراوی دەستی خۆی لەگەڵ خۆیدا ببات، باوی ئەو شتانە نەماون هەروەها ئێستا وەکو ڕابردوو گرنگی بەوە نادرێت بووک دەبێت دەستڕەنگین و کابان بێت( بارگە چیە؟ کەلوپەل و کرەەستەکان چین؟ توێژینەوە بەو شیوەیە ناکریت ..ئایا دشەکە بەتانیە

سەندوقە جامخانەیە تەباغە قاپ و قاچاغە کەوچکە چیە؟ توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی واتە وردەکاری ژیانی کۆمەڵگا، میتۆدی وەسفی شیکاری واتە شیوەی جامخانەکە چۆنە ؟ سیسەمەکەیان لە چی دروستکراوە ؟ دارە؟ نەخشی یان وینەی لەسەرە؟ ئاوینەیان هەیە؟ میتۆدی وەسفی شیکاری واتە قسەکردن لەسەر شکل و شیوەو ناوەرۆکی بابەتەکان ، متۆدی ئەتنۆگرافی واتە شیکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی ئەو کەرەستانەی تورکمانەکان بەکاری دینن؟

## 3.5 خەنەبەندان

خەنەبەندان ئاهەنگێکە تایبەتە بە ئافرەتان و یەکێکە لەو نەریتانەی پەیوەندی بە سستمی کۆمەڵایەتیی لەلایەک و بە سستمی کلتوریی لەلایەکی دیکەوە هەیە. خەنەبەندان بریتییە لە نەریتێکی کۆمەڵایەتیی بەر لە هاوسەرگیریی، شەوێک دیاری دەکرێت بۆ ئەنجامدانی و ئەم مەراسیمە لەلایەن ماڵی بووکەوە ئامادەکاریی بۆ دەکرێت.

لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بەزەقی خەنەبەندان دەردەکەوێت، بەتایبەت لەنێو تورک، فارس، عەرەب و کورد. کە خەنەبەندان مانایەکی کۆمەڵایەتیی، کلتوریی و ئایینی هەیە و گەلێک وەزیفەی کۆمەڵایەتیی ئەنجامدەدات. ئەم نەریتە لەزۆر کۆمەڵگای ئاسیایی بەتایبەت وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو نەریتێکی باو، بەرێوە دەچێت. خەنەبەندان، نیشانەیەکە بۆ ئەوەی بووک ماڵئاوایی لەتەمەنی منداڵی خۆی دەکات. ئەم ئاهەنگە زۆر خۆشە، ئینجا گەر خێزانەکە دەوڵەمەند بێت، سەما و میوزیکژەن بەشداریتێدا دەکەن. خەسوی بووک دەستوو پێی بووکێ بەخەنە گیراوەکە دەنەخشێنێت. سەرلەبەیانی دوای ئەوەی خەنەکە ووشک بووە دەستوو پێکانی شۆران، شوێنەکەی بە ڕەنگی سووری مەیلە و پرتەقاڵی دەردەکەوێت.(Scarce, 1996, 96 ) ئەگەرچی خەنەبەندان نەریتێکی وەرگیراوە، هەندێک دەیگەڕێنەوە بۆ کلتوری عەرەبی و هەندێکیش دەیبەستنەوە بە کلتوری تورکی، بەڵام تورکمانەکانی هەولێر جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە لەکۆندا ئەم چالاکییە کۆمەڵایەتییە لەنێویاندا بوونی نەبووە.

هەندێکجار لەبەر ئەوەی بووک لە ئاهەنگی خەنەبەندانەکەدا زۆر ماندوو دەبێت، ئینجا بۆ ئەوەی بووک هەندێک پشوو بدات، مەراسیمەکە زووتر و بەر لە گواستنەوە ئەنجامدەدرێت. سەبارەت بەشوێنی بەرێوەبردنی ئەم مەراسیمە، ئەوا هەندێجار، ماڵی بووک؛ لە ماڵی خۆیان مەراسیمەکە بەرێوە دەبەن،

بەڵام هەندێکی دیکەیان لە هۆڵی تایبەت بەئاهەنگ، سازی دەکەن. ئەم ئاهەنگە کۆمەڵێک ئامانجی لەپشتەوەیە وەک: دەرخستنی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خێزان، خستنەڕووی بایەخ و نازداریی بووک لەلایەن خێزانەکەیەوە، ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی بووک. لەگەڵ ئەوانەشدا لەم بۆنانە خەڵکی دەستنیشانی کچان دەکەن بۆ کەسوکاریان (جبار، ٢٠١٧، ٣٢٦). لە خەنەبەنداندا جۆرێک لە ململانێ و کێبرکێ دەردەکەوێت لەنێوان ماڵی بووک و ئامادەبووان بەوەی نمایشی ئاستی ئابووری خۆیان دەکەن. تورکمانەکانی هەولێر زۆر گرنگی بە خەنەبەندان دەدەن و بەتایبەت کەلوپەل و پێداویستییەکانی لە وڵاتی تورکیاوە بۆ هاوردە دەکەن، بەتایبەت خانەوادە دەوڵەمەندەکان. خەنەبەندان کات و شوێنێک بۆ کۆبوونەوە و یەکتر بەسەرکردنەوەی خزم و کەس وکار و ناسیاو دەڕەخسێنێت، هەروەها ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان، زیادکردنی ئاشنایی و دۆستایەتی کەسانی دیکە، دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی نوێ و وابەستەیی کۆمەڵایەتیی. هەروەها خەنەبەندان بۆنەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی کچان خۆیان نمایش بکەن و ژنانی دیکە بیانبینن، دواجار لەلایەن دایک و خوشکانەوە دەستنیشان بکرێن بۆ کوڕ و براکانیان. خەنەبەندان لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بەزەقی دەردەکەوێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خەنەبەندان وەزیفەیەکی کلتوریشی هەیە؛ لەبەر ئەوەی هەر لە کۆنەوە ئەم نەریتە پەیڕەکراوە. (جبار، ٢٠١٧، ٣٢٩) لە خەنەبەندانی ئێستادا تەنها نێو دەستی بووک و کچانی ئامادەبوو خەنەی لێدەدرێت، دواتر کە مەراسیمەکە تەواوبوو هەموو کەسە دەست بە خەنەکان دەستەکانیان دەشۆرن.

لەکاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی خەنەبەندان وردەکاری زۆر پەیڕەو دەکرێت، لەوانەش شێوازی هاتنە ژوورەوەی بوکەکە؛ کە ئەمە بەپێی ئارەزووی بووکەکە دەگۆڕێت، ئەویش چەند شێوازێکی باوی هەیە: بۆ نموونە یەکێک لەو شێوازانە بریتییە لەوەی؛ بووکەکە دێتە ژوورەوە و منداڵێک بچووکی کچ سەبەتەیەکی گوڵی لە دەستدایە و گوڵ بۆ بووکەکە دەرێژێتە بەر پێیانی؛ کچەکانیش بە دوو ڕیز لەمبەر و ئەوبەری بووک دەوەستن کە مۆمیان بەدەستەوەیە و بووک بەنێوانیاندا تێدەپەڕێت. جۆرێکی دیکەشیان بریتییە: بەر لەوەی بووکە بێتە ژوورەوە، کۆمەڵێک کچی لاو دێنە ژوورەوە، یەکیان سینی خەنەکە، یەکێکی دیکەیان سەبەتەی گوڵ، یەکێکی دیکە مۆم، یەکی دیکە ئاوێنە و یەکێکی تریش قورئانی بەدەستەوە گرتووە. ئینجا بوک دێتە ژوورەوە. شێوازێکی دیکەش بریتییە لەوەی؛ منداڵێک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەپێش بوکەوە دێتە ژوورەوە، گوڵ بارانی دەکەن و هەندێک لە گڵۆپەکانی شوێنەکە (ماڵێک بێت یان هۆڵێکی تایبەت بە بۆنەکان بێت)، دەکوژێنرێنەوە، بەڵام نابێت شوێنەکە تەواو تاریکبێت، لەبەر ئەوەی تاریکی مانای نادیاری و تەمومژاوییە ئەوەش خراپە، هەربۆیە دەبێ گڵۆپی کەم رووناکی داگیرسابن، کە رووناکییەکی کز بەو شوێنە ببەخشێت. لە خەنەبەنداندا، هەرکە بووک هاتە ژوورەوە، یەکەم جار دایکی بووک گوڵ دەداتە دەستی بووکەکە، دواتر خەسوی قورئان لەسەری دەسورێنێ، ئینجا بووک دادەنیشێ؛ بەمەرجێک دەبێ دەستەخوشکانی بووک، هەموویان مۆم لەسەر دەستیان دابنێن و بە شریتی سوور یان بە لاستیک لە دەستیان بەستبێت. پاشان لەلایەن هاورێکانیەوە، بووک دەهێنرێتە نێو سەما و هەڵپەرکێ.

دوای ئەوەی بووک چەند جارێک خۆی دەگۆڕێت، ئینجا تارای سوری لەسەر دادەنرێت. پاشان لە ناوەڕاستی ژوورەکە یاخود هۆڵەکە کورسییەکی بۆ دادەنرێت و لەسەری دادەنیشێت و تاراکەشی هەر بەسەرەوەیە، بەجۆرێک دەبێ دەم و چاویشی داپۆشرابێت. ڕەنگی سوور مانا و تایبەتمەندی خۆی هەیە بەوەی سوور ڕەنگی دڵ و ژیانو خۆشییەو وەک ڕەنگی خەنە کاتیک دەستی بووک سوور دەکات بە پیرۆز دادەنرێت. ئینجا سینیەکان لەدەورەی بووک دەخولێنرێنەوە، بەمەرجێک دەبێ سینی خەنەکە لە شێوەی بازنەیی بە پارچە پەڕۆیەکی سوور داپۆشرێت و سینییەکە ڕازێنرابێتەوە. پاشان بەهەڵ هەڵە کچان لەدەورەی بووک دەسورێنەوە، لەهەمانکاتدا گۆرانی تایبەت بەخەنەبەندان بە(دیجەی)(DJ) لێدەدرێت، ئینجا گۆڕانی کوردی، یا تورکی، یا عەرەبی بێت. لە خەنەبەندانی تورکمانەکاندا بە هەرسێ زمان گۆڕانی لێدەدرێت، بەڵام زیاتر بە زمانی تورکی، بەوپێیەی هەموو تورکمانی هەولێر زمانەکانی کوردی و تورکی بە تەواوی دەزانن و زۆربەشیان عەرەبی دەزانن. بەگشتی لەبەر ئەوەی تورکمانەکانی هەولێر لەگەڵ کورد تێکەڵاوبوون و مێژوویێکی دوور و درێژیان بەیەکەوە هەیە، بۆیە ئاهەنگەکانیشیان هێندە جیاوازی نییە لەگەڵ یەکتری.

## 3.6 ئاهەنگی بووک گواستنەوە

لە ڕابردوودا لای تورکمانەکان هەمیشە ڕۆژی پێنج شەممە لەسەر هەینی باشترین ڕۆژەکانی هەفتە بوو، کە ئاهەنگی هاوسەرگیرییان تێیدا ساز دەکرد، هەروەک نەتەوە موسوڵمانەکانی دیکە،(کوردیش و هەموو گەلانی موسلمان وا بوون) بەوپێیەی ئەو ڕۆژانە ڕۆژی خێر و بەرەکەتن لای نەتەوە

موسوڵمانەکان و ڕۆژەکانی دیکە ئاهەنگی هاوسەرگیری ئەنجامنەدەدرا. زاوا لای خۆیەوە ئەو ئێوارەیە کە بۆ بەیانی گواستنەوەیە، دوای نوێژی شێوان مەولودی دەگێڕا، لەماڵی بووکیش لە دوای عەسرەوە بووک جلکی بووکێنی لەبەردەکرد و لە باخچەی ماڵی خۆیان یان لە ماڵەوە دادەنیشتن و خزموکەس کچە گەنجەکان کۆدەبوونەوە، هەڵپەڕکێ و شاییان نەدەکرد تەنها هەڵهەڵەیان لێدەدا، لە کۆتاییدا زاوا و چەند برا و ئامۆزا و خاڵۆزایەکی گەنجی و برادەرە نزیکەکانی دەهاتنە ماڵی بووک بۆ ماوەی ١٠ خولەک دەمانەوە وێنەیان وەردەگرت و دەڕۆیشتنە مەولودییەکە و بووک لە ماڵی خۆیان دەمایەوە. ئێستا ئەو بیرکردنەوەیە گۆڕاوە و لە ڕۆژەکانی دیکەش ئاهەنگەکانی هاوسەرگیریی بەڕێوە دەچن. هەمیشە کە ڕۆژی گواستنەوە دێت ئەو دوو ڕۆژە باوک و برای بووک ماڵ بەجێدەهێڵن و بەهیچ شێوەیەک لە ئاهەنگەکان نابینرێن و لەبەرچاون خۆیان وون دەکەن، ئەم هەڵسوکەوتەی باوک وبرای بووک لێکدانەوەیەکی ماددی و مەعنەوی بۆ دەکرێت، بەجۆرێک باوک و برا وا بیردەکەنەوە کە ئەوان دەیانتوانی کچەکەیان بەخێوبکەن و پێداویستییە مادییەکانی بۆ دابین بکەن، کەچی ڕازیشبوون بیدەن بە کەسێکی دیکە و ئەو ببێتە سەرچاوەی دابینکردنی ئەو پێداویستییە مادیی و مەعنەوییانەی کچەکەیان، بۆیە ناتوانن ڕووبەرووی ئەو دۆخە ببنەوە؛ بۆ ئەوان شەرمە کە کارێکی وایان کردووە، کەچی دەبوو بشیکەن. بۆ ڕۆژی دواتر کە دەکات هەینی دیسان بووک جلی بوکێنی لەبەردەکرد و خزمە نزیکەکانی خۆی لەدەوری دەبوون لە ماڵی بووک، بەهەمانشێوە زاواش لە ماڵی خۆیان خزمەنزیکەکانی و کەسوکاری لەدەوری کۆدەبوونەوە و بەڕێ دەکەوتن بۆ ماڵی بووک و بووکیان هەڵدەگرت بۆ ماڵی خۆیان یانیش بۆ جێیەک کە پێشتر ئامادەکراوە و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەوێ بووک و زاوا دەمانەوە وەک مانگی هەنگوینی.

ئێستا ئەم ڕێورەسمانەش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەجۆرێک ڕۆژەکانی هاوسەرگیری تەنها ئەو دوو ڕۆژە نییە کە لە پێشەوە باسکران، هەروەها بابەتی ئارایشگا و وێنەگر و ستۆدیۆی وێنەگرتن و هۆڵەکانی بووک گواستنەوە و شتی لەوبابەتە هاتوونەتە گۆڕێ، هەموو ئەمانەی سەرەوە بە پێی چینەکان دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی ئاهەنگی هاوسەرگیری لای تورکمانەکانی هەولێر بەوجۆرەی خوارەوە بەڕێوە دەچێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.6.1 مەولود (*) و ئەگلەنجە

مەولود گێڕان لە زۆر بۆنەدا لای تورکمانەکانی هەولێر ئەنجامدەدرێت، لەوانە ڕۆژی مەولودی پێغەمبەر (د.خ)، لەدایکبوون، دوای تەواوبوونی تازیە و شەوی گواستنەوە، ئامانجیش لێی بە پیرۆزکردن و خێرداربوونی بۆنەکەیە. لەنێو ئەو بۆنانەش ئاهەنگی هاوسەرگیرییە، بۆ ئەوەی هاوسەرگیرییەکە سەرکەوتوو بێت و خۆشبەختی بەدواوە بێت. مەولود بۆ هاوسەرگیری لە ماڵی زاوا یان لە هۆڵی تایبەت بە هاوسەرگیری و یانیش لە مزگەوتێکی دیاریکراو ئەنجامدەدرێت. شەوێک پێش هاوسەرگیری مەولود ساز دەکرێت و تێیدا ماڵی زاوا یان بە تلیفۆنی یانیش بە کارتی بانگهێشتکردن خزموکەس و دۆست و برادەران بانگهێشت دەکەن. لە ساڵانی پێش ١٩٩٠ مەولود لە ماڵان ئەنجام دەدرا، بەڵام لە نەوەتەکانەوە لە مزگەوتەکان ئەنجامدەدرا. ئێستا مەولود هەمووکات لە مزگەوتەکان ئەنجامدەدرێت. سەبارەت بە ئەگلەنجە، ئەوا لە ماڵی زاوا ئەنجامدەدرا، بەڵام ئەو بۆنەیەش ئێستا هۆڵی ئاهەنگەکانی بۆ دەگیرێت. مەولودیش و ئەگلەنجەش لە شەوی هاوسەرگیرییەکەدا ئەنجام دەدرێت.

بۆ خوێندنەوەی مەولود لە شەوی پێنج شەمە لە سەر هەینی لەدوای نوێژی شێوان دیاری دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستە تەنها پیاو بانگهێشتدەکرێنە مەولودییەکە، ئیتر دوای خوێندنەوەی مەولود و دابەشکردنی شیرنی هەر پیاوێک جێیەک لە شیرنییان پێیدەدرێت کە بیبەنەوە بۆ ماڵەوە، بەجۆرێک خاون مەولودەکە سەبەتەیەکیان لە شیرنەمەنی ئامادە دەکرد، کە هەر زەرفێکی نامە لوقم و چوکلێتیان لەنیو دادەنا، لەکۆتایی مەولودەکە و لەکاتی پیرۆزبایی و خواحافیزیکردن هەر یەکە و زەرفێک لە وشیرنییەیان پێدەدرا.. لە مەولودەکەدا تەنها چا و قاوە و ئاو دابەشدەکرێت. لە کۆندا دوای تەواو بوونی مەولود، ژنەکان خواردنێکی زۆریان ئامادە دەکرد و لە ماڵی زاوا خزموکەس کۆدەبوونەوە بۆ دەربڕینی خۆشی و شادی.

---

* - مەولود لە سەردەمی سوڵتان مزەفەر هاتووەتە ئاراوە، لەم ڕۆژەدا خێر و خێرات و مەولوود خوێندنەوە و شیعر خوێندن بەسەر پێغەمبەر(د.خ) دەخوێنرا. لەو سەردەمەدا سوڵتان پارەیەکی زۆری بۆ هەژارانی شارەکە تەرخاندەکرد. ئەم بۆنەیە لەسەردەمی فاتمییەکانەوە یادی دەکرێتەوە. **بگەڕێوە بۆ: تولەیمات، عبدالقادر احمد(٢٠١٩)، مظفر نامە-موزەفەرەددین گۆگبۆرۆ امیر اربل، تاران: چاپخانەی ئێران، ل٥٦**

لە ڕابردوودا دوای تەواوبوونی مەولود، زاوا لەگەڵ هەندێک لە خزمە نزیکە گەنجەکانی و برادەرە نزیکەکانی لە ماڵەوە کۆدەبونەوە و ئاهەنگیان دەگێڕا گۆڕانی و هەڵپەڕکێ و شاییان دەکرد و جاری وابوو هەندێک لە هاوڕێکانی زاوا جلی ئافرەتانیان لەبەردەکرد و لەنێو هەڵپەڕکێیەکە نواندیان دەکرد کە پێی دەگوترێت (ئەگلەنجە) کە بریتییە لە ئاهەنگێکی تایبەت بە هاوسەرگیری پێش شەوی هاوسەرگیری لەسەر شەرەفی زاوا ئەنجامدەدرا و تێیدا کۆمەڵێک گەنج، کە لە هاوڕێ و دۆست و کەسوکار و ناسیاوی زاوا پێکهاتوون، لەماڵی زاوا کۆدەبوونەوە و ئاهەنگیان دەگێراو گۆرانی و قۆریاتیان دەگوتەوە. لەم ئاهەنگەدا مەی و مەزە و جاجیک دەخوراوە. لە کۆندا لەبەر ئەوەی نەریت وابوو دەبو ئاهەنگی هاوسەرگیری لە هەینیدا ئەنجامبدرایە، ئیتر ئەگلەنجە لە شەوی پێنج شەمە لەسەر هەینی ئەنجامدەدرا و ئەم بۆنەیە تەنها بۆ هاوسەرگیری ئەنجامدەدرێت. تاساڵانی ١٩٨٦ بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەنجام دەدرا، بەڵام لەودوا وردە وردە نەما تا نەوەتەکان دیسان سەریهەڵدایەوە. ئێستاش خانەوادە تورکمانەکان ئەنجامیدەدەن، بەڵام لە هۆڵی تایبەت بە ئاهەنگی گواستنەوە ئەنجامدەدرێت و ئامادەکاری تایبەتی بۆ دەکرێت. لەکۆندا ماڵی زاوا هەمووی دەبوو ئەم ئاهەنگە بگێڕن، شەرم بوو ماڵەک نەیکردبا لەکاتی هاوسەرگیری کوڕەکەیان، بەڵام ئێستا خەڵک تێگەیشتووە و ئاساییە ئەگەر ئەگلەنجە نەکرێت، بەڵام گەنجەکان ئێستاش زۆربەیان ئەنجامی دەدەن بەتایبەت خێزانە دەوڵەمەندەکان هۆڵی تایبەت ئامادەدەکەن و ئەگلەنجەی تێدا دەگێڕن. لەم ئاهەنگەدا گۆرانی تورکی بەرێژەیەکی زۆر لێدەدرێت کەمێکیش گۆڕانی کوردی لەبەر ئەوەی تێکەڵاوییان لەگەڵ کورد هەیە. لە ئەگلەنجەدا مەی و مەزە(*) و جاجیک(*) دەخوراوە، لەگەڵیشیدا شاباش دەکرا بەناوی زاواوە لەلایەن باوک و مامی زوا. ئەم ئاهەنگە تا درەنگانی شەو نزیکی کاتژمێر ٣ ی شەو بەردەوامدەبوو، ئیتر لەودوا کۆتایی دەهات و ئامادەبووان بڵاوەیان لێ دەکرد. دوای تەواوبوونی ئەگلەنجە و خواردنی نانی بەیانی لە ماڵی زاوا، گەنجەکان لە خزموکەسە نزیکەکان و هاوڕێکانی زاوایان دەبردە سەرتاشخانە و حەمام.

---

*مەزە: نۆکاوە کە تایبەت لەگەڵ مەی دادەنرا.

*جاجیک: لە ماست و خەیار پێک دێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کۆندا لەبەر ئەوەی حەمامی ماڵان هێندە گرنگی پێنەدەدرا و ئامرازەکانی ئاوگەرمکردن بەوجۆرە نەبوون، بۆیە خەڵکی ڕوویان لە حەمامی بازاڕ دەکرد، ئیتر چەند حەمامێکی گەورە لە نێو بازاڕەکانی شاری هەولێر دروستکرابوون. حەمامەکان لەپاڵ ئەوەی شوێنێک بوو بۆ خۆشوشتن ئەوا یەکەیەکی ئابووریش بوو لەبەر ئەوەی بە پارە خەڵکی دەیانتوانی بچنە ژوورەوە و سوود لە خزمەتگوزارییەکانی وەربگرن، هەروەها وەزیفەی کۆمەڵایەتیشی ئەنجامدەدا، حەمامەکان شوێنی کۆبوونەوەی خزموکەس و برادەران بوون کە چەند کاتێکی خۆشیان پێکەوە بەسەر دەبرد، حەمامەکان شوێنی دۆزینە و دەستنیشانکردنی کچان بوون بۆ کوڕان. ئێستا وەک شوێنەواری کۆن لە نێو شارەکەدا تەماشا دەکرێت. حەمام هەربۆ زاوا بوو، حەمامکردنی زاوا پێی دەگووترا (خەلوەت)، باوک و مامی زاوا پارەکەیان دەدا کە بریتیبوو لە ٣-٤ دینار، دوای حەمامکردن زاوا دەگەڕایەوە ماڵەوە. ئێستا ئەو نەریتی حەمامکردنە نەماوە و حەمامەکانی بازاڕیش ئەو بەهایەیان نییە. بەهەمان شێوە بووکیش لەلایەن دەستەخوشک و خوشک و خزمە نزیکەکانی دەبردرایە حەمام. ئێستا ئەم نەریتە لەنێو تورکمانی هەولێر نەماوە.

### 3.6.2 ڕۆژی گواستنەوە

ڕۆژی گواستنەوە کە لە ڕابردوودا ڕۆژی هەینی بوو خزموو کەس بانگدەکران بۆ خواردنی نانی نێوەڕۆ لەماڵی زاوا. کاتێک زاوا جلوبەرگی خۆی دەگۆڕێت، لەگەڵ هەر پارچەیەک کە لەبەری دەکات دایک، خوشک، خزمەنزیکەکان هەڵهەڵە لێدەدەن و بەسەما دەیبەنە ناو ئۆتۆمبێل. هەروەها بووکیش دەبوو لە هەر پارچە شمەکێک حەوت دانەی بپۆشیایە. ژمارە حەوت لای تورکمانەکان پیرۆزی خۆی هەیە و مانای شتی باش و چاک و بە بەرەکەتە. پاشان هەموو لە ماڵی بووک کۆدەبونەوە بۆ گواستنەوەی بووک لە ماڵی باوکی بۆ ماڵی خۆی، کە ڕەنگە ماڵی خەزووری بوایە یانیش ماڵی سەربەخۆی خۆی-بەگشتی لە ڕابردوودا بوک لەگەڵ ماڵی خەزووری دادەنرا نەک ماڵی جیا-. ئەو سەردەمەی ئۆتۆمبێل نەبوو، بووکیان بەسواری مایین دەگواستەوە، بە پارچە قوماشێکی ڕەنگاو ڕەنگ ڕووی بووکیان دادەپۆشی، لەکاتی بەڕێکەوتن دەبوو باوکی زاوا یان مامی لەهەردوو لای بووک بە پێییان دەڕۆیشتن بۆ پاراستنی کەرامەتی و داپۆشینی پێیەکانی نەکا بەدەر بکەون.

کە بووک لە دەرگا دەهاتە ژوورەوە، هەندێک چوکلێت و شیرنەمەنی و هەندێ پارەی ئاسنیان بەسەر سەریەوە فڕێدەدا ئەمەش بۆ ئەوەیە تاکو بووکە پێو قەدەمی بە خێر و خۆشی و بەرەکەت بێت. ئیتر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووکیان لە ژوورێک و لەسەر کورسییەک دادەنا، ئاوێنەیەک لە پشتی دەبوو، منداڵێکی ساواشیان لەئامێزی دادەنا، ئەمەش بەنیازی ئەوەی بووکە بە زووترین کات ببێت بە خاوەنی منداڵ، واتا بەبڕوای ئەوان دەبێتە جێگای بەختەوەری و منداڵبوونی بە زووترین کات.. کەسوکاری بووک هەر لەگەڵ خۆرئاوابوون بووکیان لە ماڵی زاوا بەجێ دەهێشت، تەنها خوشکێکی یان پورێکی یان براژنێکی بووک لەگەڵی دەمایەوە، بۆ وەرگرتنی مژدەی خۆشی بۆ دایک و باوکی کچە.(*) پاشان (هەڵ هەڵە) لێدەدراو و نێوچەوانی بووکیان ماچ دەکرد -ئەو خوشک یان پور و براژنە- بەجێیان دەهێشت، یاخود هەندێک نەریتیان وابوو کە سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر کەسوکاری بووک لەگەڵ دەستی خۆیان سینیەکیان دەڕازاندەوە لە خواردنی بەیانیان و دەیانبرد بۆ ماڵی زاوا بۆ ئەوەی هەم قەدر و سەنگینی کچەکەیان دەرخەن هەمیش مزگێنی بەزاوابوونەکە بزانن و بۆ ماڵی بووکی ببەنەوە. ئەم نەریتە لە نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە کاڵبۆوە، بەهۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و قەیرانە ئابوورییەکان. ئێستاش باوی نییە چونکە ئێستا هاوسەران بۆ مانگی هەنگوینی دەچنە وڵاتانی دەرەوە یانیش شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەوجۆرە نەریتی دیکە و توخمی کلتوری دیکە هاتوونەتە گۆڕێ. ئەم نەریتە گشتی بوو لە هەولێر، بەڵام دواتر لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و خوێندەواربوون و هوشیاربوونەوەی خەڵکەکە، ئیتر ئەم نەریتەش نەما و کاڵبۆوە.

دوای چەند ڕۆژێک لە هاوسەرگیرییەکە، بوک و زاوا سەردانی ماڵی باوانی بووکیان دەکرد و دوای دەست ماچکردنی باوان لەلایەن بووک و زاواوە،(ئایا دووای یەك رۆژ ؟؟) دیارییەک پێشکەش بەزاوا دەکرا. ئەم نەریتە تا ئیستا لەنێو تورکمانەکانی هەولێر هەر باوە. دوای ڕۆژی سێیەم یاخود چوارەمی هاوسەرگیری، بووک و زاوا دیسان سەردانی ماڵی باوکی بووکیان دەکرد و لەگەڵ خزم و کەسە نزیکەکانی بووک نانی نیوەڕۆیان دەخوارد و تاوەکو نوێژی ئێوارە دەمانەوە و دیاریان پێشکەشدەکرا لەلایەن ئەو خزموکەسانەوە.

ئێستا ئەو وردەکارییانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و تێبینی جیاوازییەکی وا ناکرێت لەنێوان ئاهەنگی بووک گواستنەوەی تورکمانێکی شاری هەولێر لەگەڵ کوردێکی ئەم شارەدا، هەروەها بەهۆکاری

* لە رابردوودا زۆر گرنگی بە بابەتی بەزاوا بوون دەدرا، بۆیەش نەریتەکان بەمشێوەیەبوون، ئێستاش گرنگی پێدەدرێت و بابەتێکی هەستیارە، بەڵام وەکو لەڕابردوودا هەبووە ئیستا بەوجۆرە نییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باوبوونی کلتوری دیجیتاڵی، ئیتر ئاهەنگی گواستنەوە و ڕێوشوینەکانی لای خەڵکی هەولێر بەگشتی و تورکمانەکانی هەولێر بەتایبەتی گۆڕانی بەسەرداهاتووە. وەک تورکمانەکان خۆیان دەڵێن ئیستا گەنجەکان خۆیان بە وردەکارییەکان هەڵدەستن بۆیە ئەو کلتوری دیجیتاڵیە(*) وایکردووە شتەکان لە پڕۆسەی هاوسەرگیریدا هاوشێوە بین، لەگەڵیشیدا تێکەڵاوبوون لەگەڵ کوردی شارەکە هێندەی دیکە جیاوازییەکانیان کاڵکردووەتەوە. بۆیە جیاوازییەکی وەها نابینرێت کە خاڵی جیاکەرەوەی ئاهەنگی تورکمان و کوردی ئەم شارەبێت.

### 3.7 ڕۆژی حەوتەم (حەفتانە)

لە هاوسەرگیری تورکمانەکاندا، ڕۆژی حەوتەم یەکێکە لەو ڕۆژانەی کە دەشێ ئاهەنگی تێدا بگێڕدرێت، بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی ئاهەنگ لەم ڕۆژەدا بە دەستی دایکی بووک دەبێت. ڕۆژی حەوتەم واتە بووک حەوت جلک لەبەر دەکات و حەوت ڕۆژی بەسەر هاوسەرگیرییەکەیدا تێپەڕیوە، ئەم ژمارە حەوتە وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا پیرۆزە و نیشانەی تەندروستییەکی باش و ژیانێکی خۆش و ئاسوودەیی و خۆشبەختی و بەرەکەتی منداڵە لای تورکمانەکان. خەرجیەکانی ئەم ئاهەنگە بچوکە -ئەگەر ئەنجام بدرێت- لەسەر دایکی بووکە. ئینجا لەبەر ئەوەی جاران هاوسەرگیری تەنها لەڕۆژی هەینیدا ئەنجامدەدرا، ئیتر ڕۆژی حەوتەمیش هەمیشە دەکەوێتە ڕۆژی هەینییەوە-بەڵام ئێستا جۆرێک لە گۆڕان دروستبووە و ڕۆژی هاوسەرگیری نەبەستراوەتەوە بە هەینی، هەندێکجار لە ڕۆژی دیکەی وەک ڤەلەنتاین و سەریساڵ و ڕۆژی لەدایکبوون یان ڕۆژێک کە مێژووەکەی هاوشێوەبێت هاوسەرگیری ئەنجامدەدرێت-، ئەم ئاهەنگە تایبەتە بە ئافرەتان.

هەندێجار دایکی زاوا ڕازی نییە کە حەفتانە بکرێت، بەڵام دایکی بووک موکوڕە لەسەر ئەنجامدانی، ئیتر ماڵی زاوا بانگهێشتی خزموکەس و ناسیاوەکانیان بۆ ئاهەنگەکە ناکەن، تەنها بنەماڵەی بووک خزموکەسیان بانگهێشت دەکەن. جاری وا هەیە حەفتانە و ئاهەنگی گواستنەوە پێکەوە و لە یەک ڕۆژدا ئەنجامدەدرێت، بەمجۆرە خەرجی خواردن لەسەر ماڵی زاوا دەبێت، بەڵام شیرینی بەخشاندنەوە لە

*لەگەڵ بەربڵاوبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی بازاڕی ئیلیکترۆنی و بە دیجیتاڵبوونی ژیان بەسێوەیەکی گشتی، ئیتر جۆرێک لە کلتوری دیجیتاڵی باڵی کێشاوە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاهەنگەکەدا لەسەر گیرفانی ماڵی بووک دەبێت. لە ئاهەنگی ڕۆژی حەفتانەدا بووک تەواو خۆی دەڕازینێتەوەو چەند جارێک جلوبەرگی خۆی دەگۆڕێت-لە کۆندا دەبو حەوت دەستە جلی بگۆڕیبوایە، ئەگەریش نا دەبوو سێ دەستە جلی لەو ئاهەنگەدا گۆڕیبوایە، دەبوو بە تاک بێت نەک بە جووت، بەڵام ئێستا چەند بەرگێک دەگۆڕێت. هەندێکجار هەر یەک دەستە جل لەبەر دەکات تا کۆتایی ئاهەنگەکە، ئەوەش بەپێی ئاستی ئابووری دەگۆڕێت-. لەو ڕۆژەدا جاری وایە بووک دەستە جلی ڕۆژی نیشانکردنی لەبەر دەکات بۆ ئەوەی نمایشی پێبکات لەبەردەم ئەوانەی ڕۆژی نیشانکردنی ئامادە نەبوون تاوەکو ببینن، پاشان دەچوو دەستە جلی حەفتانەی لەبەردەکرد.

لە حەفتانەدا یەکێک لە دەستە جلەکانی بووک بریتییە لە جلی کوردی و بووک هەموو زێڕ و خشڵی هەیبێت بەخۆیەوە دەکا بۆ نمایشکردنیان. لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا بووک جلی بووکێنی ڕۆژی هاوسەرگیرییەکەی دەپۆشێت و ئەوەش مانای کۆتاییهاتنی ئاهەنگەکەیە. لەم ئاهەنگەدا تەنها هەڵهەڵە لێدەدرێت. ئیتر زرفی نامە بەسەر ئامادەبووان دابەش دەکریت و هەریەکیان بەپێی ئاستی ئابووری خۆی برە پارەیەک دەخاتە نێو زەرفەکە و هەندێکجار ناوی خێزانەکەی لەسەر دەنووسرێت بۆ ئەوەی بناسرێتەوە-ئێستا مەرج نییە بەس پارە دابنریت، بەڵکو کەلوپەلی ناوماڵ و زێڕیش دادەنرێت بۆ بووک-. حەفتانە لە کاتی عەسر و لە ماڵەوە ئەنجامدەدرا-لە ماڵی زاوا یان ماڵی باوکی بووک دەکرا-. ئەم حاڵەتە تا ساڵانی ٢٠٠٠ بەوشێوەیە بوو، بەڵام بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئیتر حەفتانە لە هۆڵەکانی ئاهەنگگێران ئەنجامدەدرا و کاتەکەشی دوای کاتژمێری ٦-٧ دەستی پێدەکرد. ڕەنگە هۆکاری ئەم گۆڕانە بۆ چەند خاڵێک بگەڕێتەوە لەوانە دەرخستنی ئاستی ئابووری و نمایشکردنی بەهۆکاری دەرکەوتنی کلتوری بەکاربردن ئەویش لەمیانەی پێشکەشکردنی خواردن و خواردنەوە و توانایی لە دابینکردنی هۆڵی ئاهەنگەکان، هەروەها بانگهێشتکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک و دەستکەوتنی برێکی زیاتری دیاری، دەربڕینی خۆشبەختی زیاتر و نمایشکردنی بۆ ئامادەبووان، هەوەها بۆ دیاریکردنی پێگە و سەنگی بووکە لای ماڵی زاوا کە کچەکەیان زۆر بەناز و قەدرە لای ماڵی باوکی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر بڕیار بدرایە کە حەفتانە ئەنجامدەدرێت، ئەواماڵی باوکی بووک دوای ٣ ڕۆژ لە گواستنەوە، شیرینی و غورابیە(*) و پاقلاوەیان بۆ ماڵی زاوا دەنارد-چەندە ئەو شیرینی و پاقلاوەیە زۆرتبوایە ئەوەندە قەدرو قیمەتی بووک زیاتر دەردەخرا، ئەگەریش بەپێچەوانەوە شتەکان کەمبوایە دەبووە خاڵێکی شەرمەزاری بۆ بووک و ماڵی باوانی- بۆ ئەوەی بیبەخشێننەوە بەسەر خزموکەس بەمەبەستی بانگهێشتکردنیان بۆ حەفتانەکە. ئیتر خەڵکی بەوەرا دەیانزانی کە حەفتانە کەی و لە کوی ئەنجامدەدرێت. لە ڕابردوودا حەفتانە لە ماڵی بووک ئەنجامدەدرا و خەرجییەکانی ئەو ئاهەنگە بچووکە دەکەوتە سەرشانی باوکی بووک. لەم ڕۆژەدا هەموو خزمان وکەس ئامادە دەبوون و پاقلاوە و غورابیە و شیرینییان بەسەردا دابەشدەکرد-هەندیکجار چەرەزات و چوکلێت دەخرایە نێو زەرف و بەسەر ئامادەبوواندا دابەش دەکرا لەگەڵ شەربەت. پاشان دەستە سرێکی سپی گەورە رادەخرا لە نێو ئامادەبووان، ئیتر هەر کەسەو دیاری خۆی لەسەر ئەو دەستەسرە دادەنا، کە زۆربەی کات پارە و پارچە زێڕیکی بچووک بوو، یانیش کەلووپەلی ناوماڵ وەک تاخمی شوشەوات یان پارچەقوماشیک. هەر کە دیارییەکان دادەنران و تەواو دەبوو، دوو ئافرەت لە خزمی بووک و زاوا کە تەمەنیان هەبوو لەسەر دەستە سرەکە دادەنیشتن و دیارییەکایان بەرزدەکردەوە وبانگیان دەکرد کە ئەو دیارەیە فڵان کەس هێناویەتی. ئەگەر شتەکە کەمبووایە و هی خێزانیکی هەژاربووایە هاواریان دەکرد (یدی جونە)، واتە نێو شت یان چارەکێک یان ئامازەیەکە بۆ کەمی بڕی پارە یان کەلوپەلەی کە وەک دیاری هێناویانە. بەڵام لە ساڵانی هەشتا و نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە لەبەر خراپی باری ئابووری و تێگەیشتن و هۆشیاربوونەوە، ئیتر بەوشێوەیە ناوی کەسەکان دیادرییەکان ئاشکرا نەدەکران. لەدوای ساڵانی ٢٠٠٠ ئیتر لە حەفتانەدا زەرفیان بەسەر ئامادەبواندا دابەشدەکرد و هەرکەس ناوی خۆی لەسەر دەنووسی دایان دەنا لە نێو سەبەتەیەکی رازاوە کە بۆ ئەم مەبەستە دانرابوو. لەم ساڵانەی دواییدا ئیتر حەفتانە لە هۆڵی ئاهەنگگێڕان ئەنجامدەدرا یانیش هەر لە ڕۆژی هاوسەرگیرییەکە ئامدەبووان ئاگادار

*غورابیە واتە شەکللەمە.

دەکرانەوە کە حەفتانە ناکەن؛ بەڵام هەرکەس دەیەوێت دەتوانێت لەو سەبەتەیە دیاری خۆی دابنێت.(*) هەموو خەرجی حەفتانە لەسەر ماڵی بووکە.

لە ڕابردوودا لە نێو تورکمانەکانی هەولێر دوای حەفتانە ئیتر بووک دەچووەوە سەر ئیشوکار و گرنگیدان بە ماڵ وحاڵی خۆی، بەڵام ئێستا دوای ئاهەنگی هاوسەرگیری مانگی هەنگوینی دەست پێدەکات.

## 4. ئەنجامەکانی توێژینەوە

هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پیرۆزە و بایەخی زۆری پێ دەدرێت و ئامادەکاری ووردی بۆ دەکرێت لای تورکمانەکانی هەولێر، وەک نەریتە کولتورییەکانی دیکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. هاوسەرگیریی تورکمانەکان بەگشتی ئێگزۆگامیایە و زۆر بەکەمی هاوسەرگیری ئیندۆگامیا لەنێوانیاندا ڕوودەدات. قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی هاوسەرگیری لای تورکمانەکان وەزیفەی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە و هێما و مانای دیاریکراویان هەیە کە ڕەنگدانەوەی بونیاد کۆمەڵایەتی ئەو گرووپە ئێتنییەیە. هەر یەکێ لەو قۆناغانەی هاوسەرگیری وەزیفەیەکی کۆمەڵآیەتییان لە ئەستۆدایە و لە میانەیەوە تورکمانەکان هەوڵدەدەن پارێزگاری لە دابوونەریت و کیانی خۆیان بکەن و بەهۆیەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی گرووپەکەیان بکەن. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی قۆناغەکانی هاوسەرگیری گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەڵآم خەسڵەتە گشتییەکانی وەک خۆی ماونەتەوە و تورکمانەکانی هەولێری پێوە دەناسرێنەوە. لەمیانەی قۆناغەکانی هاوسەرگیریدا کاریگەری کلتوری زاڵ کە کلتوری کوردییە بەسەر نەریتی تورکمانەکانەوە لەم بابەتەدا بە زەقی دەردەکەوێت، ئەوەش بەهۆی تێکەڵاوی تورکمانەکان لەگەڵ کورد. ئێستا شێوازی بەرێوەبردنی مەراسیمەکانی هاوسەرگیری وایلێهاتووە جیاوازییەکی ئەو تۆی نەبێت لەگەڵ هاوسەرگیری کورد لە شاری هەولێر.

مانا و هێماکانی هاوسەرگیری زۆرن لەوانە هاوسەرگیری مانای پێگەیشتوویی کچ/کوڕە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. لە ڕێگەی بەڕێوەچوونی هاوسەرگیریدا تورکمانەکان نمایشی پێگەی ئابووری و

*ئەو شیرناتییەی لە دوای تەواو بوونی حەفتانە زیاد بوایە هەڵیان دەگرت، پاشان دەبینی کەسێک نەهاتووە بۆ حەفتانە دێن بۆ ماڵی زاوا و دیاری دەهێنن، جا بۆ ئەوانیان دادەنا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی خۆیان دەکەن، لەوێوەش ململانێ و کێبڕکێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن بۆ ئەو نمایشکردنە. هەروەها لە ڕێگەی ئەو کردە وهەڵسوکەوتانەی لە نێو ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیریدا ئەنجامدەدرێن، دەسەڵآت و نفوزی ئافرەت بەسەر خێزانەوە دەردەخرێت.

## سەرچاوەکان:

ایمرسون، روبرت و فريتز، راشيل و اخرون (٢٠١٠). البحث الميداني الاثنوغرافي في العلوم الاجتماعية، ترجمة: هناء الجوهري، القاهرة: المركز لاقومي للترجمة.
تولەیمات، عبدالقادر احمد(٢٠١٩). مظفر نامه-موزەفەرەددین گۆگبۆرۆ امیر اربل، تاران: چاپخانەی ئێران.
جبار، نادیە ولی (٢٠١٧).خەنەبەندان توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی٢١، ژمارە ١،ل٣١٩-٣٤١
سایمون کولمن،هلن واتسون (٢٠٠١). درامدی بەانسان شناسی، ترجمە: محسن ثلاثی، چ٣، تهران: چاپ مهارات، تهران.
الصيرفي، أ. د. محمد عبدالفتاح (٢٠٠٨). البحث العلمي "الدليل التطبيقي للباحثين"، ط٢. عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.
عبيدات و مبيضـــين، د. محمد، د.محمد أبو نصـــار و د.عقلة (١٩٩٩). منهجيه البحث العلمي "القواعد والمراحل والتطبيقات"، ط٢. عمان: دار وائل للطباعة والنشر.
قنديلجى، د. عامر و الســـامرائي، د. إيمان (٢٠٠٩). البحث العلمي "الكمي والنوعي". عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.
كوبر، ادم(٢٠١٢). الثقافة، التفســير الانثروبولوجي، ترجمة: صــباح صــديق الدملوجي، بيروت: المنظمة العربية للترجمة، مركز دراسات الوحدة العربية.
میران، رەشـــاد(٢٠١٠). چەند بابەتێکی ئیتنۆ-کۆمەڵایەتی (وتار، توێژینەوە، وەرگێڕان)، بەرگی یەکەم؛ هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
میران، ڕەساد (٢٠١٢). مرۆڤناسی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
SCARCE, J.M.. (1996). DOMESTIC CULTURE IN THE MIDDLE EAST: AN EXPLORATION OF THE HOUSEHOLD INTERIOR. SCOTLAND: NATIONAL MUSEUMS OF SCOTLAND.
Floyd, D. and Robbie, E., (1992). Birth as an American rite of passage (No. 306.6 D3).
Turner, V. (1969). The Ritual Process: Structure and Anti-structure,Ithaka,New York: Cornell Uni-versity Press.

Van Gennep, A. (1960). The Rites of Passage, Translated by Vizedom, M. andCaffee G. Chicago: The University of Chicago Press.

# زواج التركمان في اربيل
# (دراسة انثرؤبولوجية)

## الملخص

الزواج طقص اجتماعي ومكون ثقافي، كما أنه يقوم بوظيفة ثقافية بين التركمان في مدينة أربيل. الســؤال الرئيسي لهذه الدراسة: كيف يسير مراسم الزواج بين التركمان في مدينة أربيل؟ ما هو التغيير الذي حدث لهذا المراســم؟ ما هي انواع الزواج عند التركمان في مدينة اربيل؟ وما مدى اللتزامهم بهذا المراســم؟ فالهدف الرئيســي هو تسـليط الضــوء على الزواج كطقص عبور و تحليل معاني و المراحل التي يمر به الزواج عند التركمان، وكذلك تحليل المعاني و مراســم: المولود وأغلانجا والاســبوعية والحناء عند التركمان في مدينة أربيل.

يقام مراســم الزواج عموما بالترتيب التالي: العثور على العروس والتعرف عليها، طلب يدها، الخطوبة، عقد النكاح، وإعداد مستلزمات العرس، والحناء، وحفلة يوم الزفاف، والأسبوعية، و أشياء أخرى. مناهج الدراسة المنهج (اثنوغرافي) و(الوصــفي التحليلي). مجتمع البحث كل من التركمان العايشــين في مدينة أربيل. عينة الدراســة هي العينة القصــدية من نوع الكرة الثلجية. الأدوات جمع المعلومات (المقابلة والملاحظة والملاحظة بالمشــاركة). تم مقابلة (12) شــخص من التركمان العايشــين في مدينة أربيل، (2) منهم من الرجال و (10) منهم من النساء.

من نتائج الدراسة الزواج عملية مقدسة ذات أهمية كبيرة وأنه ويقام له تدابيرة مفصلة عند التركمان في مدينة أربيل. الزواج عند التركمان غالبا يكون زواج خارجي. مراحل الزواج عند التركمان لها واجباتها الاجتماعية الخاصة بهم ولها رموز ومعاني محددة تعكس الأسس الاجتماعية لتلك القومية. وكل مرحلة من مراحل الزواج تضم وظيفة اجتماعية معينة يحاولون من خلالها حماية تقاليدهم وكيانهم و ممارسة ضبط الاجتماعية على جماعتهم.

---

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Turkmen Marriage in The City of Erbil
## Anthropological Study

**Rashad Sabre Meran**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
rashad.meran1@su.edu.krd

**Nadia Wali Jabbar**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
nadia.jabbar@su.edu.krd

**Keywords:** *Turkmen, Marriage, Culture, Sub-Culture*

## Abstract
Marriage is a social ritual and a cultural component, as it performs a cultural function among the Turkmens in the city of Erbil. The main question is: How does the marriage ceremony go between the Turkmen in the city of Erbil? What change has happened to this ceremony? What are the types of marriage for the Turkmen in the city of Erbil? What is the extent of their commitment to these ceremonies? The main objective is: shed light on marriage as a transit ritual and analyze the meanings and stages that marriage goes through among the Turkmen, as well as analyzing the meanings and ceremonies of: Mawlid, Aglanja, Essoubiah, and henna among the Turkmens in the city of Erbil.

Marriage ceremonies are generally held in the following order: finding and acquaintance with the bride, asking for her hand, betrothal, contracting the marriage contract, preparing the wedding requirements, henna, wedding day party, weekly, and other things. Study methods: (ethnographic) and (descriptive-analytical). Research community all of the Turkmen living in the city of Erbil. The study sample is the purposive sample of the snowball type. Tools Information collection (interview,

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

observation, participatory observation). (12) Turkmen people living in the city of Erbil were interviewed, (2) of them were men and (10) of them were women.

Among the results of the study, marriage is a sacred process of great importance, and that detailed measures are being held for it among the Turkmens in the city of Erbil. Marriage when Turkmen is often an external marriage. The stages of marriage for the Turkmen have their own social duties and have specific symbols and meanings that reflect the social foundations of that nationalism. Each stage of marriage includes a specific social function through which they try to protect their traditions and entity and exercise social control over their group.